سەربەستی

رۆژنامەی سەربەستی لە لایەن پارتی سەربەستیی کوردستان بلاو دەکرێتەوە




دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی چاوەروانی واژوی ئێوەیە

8



هاتنی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە توندی ئیدانە دەکەین

3

LIBERAL INTERNATIONAL

# سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتی لیبراڵەکانی جیهانی( لێبراڵی نێۆنەتەوەیی) لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کۆبووە.

لە درێژەی سـەردانەکانی سـەرۆکی پارتی سەربەسـتیی کوردستان بۆ وڵاتانی ئوروپایی و بەمەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوانی نێۆنەتەوەیی بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد، ڕۆژی ۱۱۰۲،۸۰،۱ عارف باوەجانی سـەرۆکی پارتی سەربەسـتیی کوردسـتان و سـەردار جەعفـەری، لە سـەر ڕێکەوتنی پێشـووی هەردوو لایەن بۆ ئەو چاوپێکەوتنە سـەردانی ئۆفیسـی لیبراڵ ئینتەرناشـیونال. لیبراڵـی نێۆنەتەوەیی کرد، و لە لایەن بەڕێز ئیمیل کیریاش سـکرتێری گشتی لیبراڵەکانـی جیهانی(لیبـەراڵ ئینتەرناشـیوناڵ) و ئانینا پیرتیما هەڵسوڕێنەری کاری نووسینگەی سکرتیری گشتی لیبراڵەکانی جیهانی، بە گەرمی پێشوازیکرا.

لەو کۆبوونەوەدا بەڕێز عارف باوەجانی وێرای سوپاس کردن بۆ ئەو کاتەی کە بۆ دیداری پارتی سەربەسـتیی و لیبراڵ ئینتەرناشـیوناڵ تەرخانکراوە. ئاماژەی بە پێوەندی پسك لە سـاڵی ٦٠٠٢ وە بە لیبراڵ ئینتەرناشیوناڵەوە کرد، هەروەها ئامـاژەی بە ڕۆڵی لیبراڵەکانی جیهانـی کرد لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و پشـتیوانی سیاسـی و دیپلوماتی ئابوریيان لە جیهاندا.

لە لایەن بەڕێز ئیمیل چەند پرسیارێکی گرنگ لە پێوەندی بە کار و تێکۆشانی پارتی سەربەستیی کوردستان و گەلی کورد بە گشـتی ئاراسـتەی بەڕێز عارف کرا. لە درێژەی دانیشـتنەکەدا شاندی هەردوو لایەن واتە عارف و سەردار لـە پارتی سەربەسـتی و ئیمیل و نانینا لـە لیبراڵەکانی جیهان، پێکەوە لە سـەر چەند خاڵی گرنگ وەك هۆکاری گەشە نەسەندنی هزری لیبرالیزم لە کوردستان و هیندێك وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین شـرۆڤەیان کـردو بیرورایان لەو بوارەوە پێکەوە گۆڕییەوە.

پاش ٥٤ خولەك لەو دیدارەدا، سکرتێری گشتی لیبراڵەکانی جیهانـی چەندیـن نامیلکـەو پەرتووکێکـی مێژوویی لیبراڵەکانـی جیهانی بەدیاری ئاراسـتەی بەڕێز باوەجانی کرد و بەڕیزەوە ماڵئاواییان لە شـاندی پارتی سەربەستیی کوردستان کرد.

هەردوو لا لە سـەر ئەوە یەکرابوون کە پێوەندی لە نێوان پارتی سەربەستیی کوردسـتان و لیبەراڵ ئینتەرناشیونال بەردەوام بێـت. هەروەهاچەند پرۆژەیەکی گرنگ لە لایەن هـەردوو لایەنەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری لە سـەر دەکرێت.

لیبەراڵ ئینتەرناشیوناڵ، فیدراسیۆنێکی گشتییە بۆ هەموو ڕێکخراوە لیبراڵەکانی جیهانی و خاوەن دەسەڵات لەوڵاتاندا. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی٧٤٩١ بە مەبەستی پێکەوە گرێدانی لیبرالەکانی ئەمریکا و ئەفریقا و ئوروپا و ئوسـتراليا و ئاسیا دامەزراوە. ئۆفیسی گشتی لە لەندەنی پایتەختی بریتانیایە. ئەم ڕێکخراوە ٢ ساڵ جارێك لە پایتەختی یەکێك لە وڵاتانی جیهانی کە ئەندامن لە لیبراڵ ئینتەرناشـیونال کۆنگرەی خۆی دەبەسـتێت، ئاخرین کۆنگرەیـان کۆنگرەی ٧٥ لە مانییلای ئەفریقا لە هاوینی ئەمسـاڵ بەسـرا. تا ئەمساڵ ٣٦ پارتی سیاسـیی جیهانی ئەندامی ئەسڵن و ٧٢ پارتی دیکەی سیاسی ئەندامی چاودێرن.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان.**





## سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لەگەڵ نوێنەری گروپی لیبراڵەکانی بەریتانیا لە (لێبراڵی نێۆنەتەوەیی) لە لەندەنی پایتەخت کۆبووە.





لـە پاش دیداری ۱۱۰۲،۸،۱ ی نێوان سـەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتی لیبراڵ ئینتەرناشیونالی جیهانی، ئەمرۆ ١١٠٢/٨/٣ کۆبوونەوەیەکی گرنگـی یەککاتژمێرونیـوی لە نێـوان هەریەك لە عارف باوەجانی و جۆنازان فریەر سـەرۆکی پارێزگای لەندەنی پارتـی لیبراڵدیمۆکراتی بەریتانیـا و ئەندامی چالاك لە گروپـی لیبراڵەکانـی بەریتانیـا پێکهات. ئـەو زەنجیرە کۆبوونەوانەی سـەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان لەگـەڵ لیبراڵەکانـی بەریتانیا و ئوروپا، بە مەبەسـتی درێـژەدان بە دیالۆگـی نزیکایەتی پارتی سەربەسـتیی کوردسـتان لەگەڵ لیبراڵەکانی جیهانی و کۆکردنەوەی پشـتوانی وڵاتانـی بەهێزە بۆ دۆزی کورد بە گشـتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

کۆبوونـەوەی ئەمجـارەش لـە ئۆفیسـی لیبـراڵ ئینتەرناشیونال. لیبراڵی نێۆنەتەوەیی لە لەندەنی پایتەخت بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەدا بەڕێز عارف باوەجانی وێرای سـوپاس کـردن بۆ ئەو کاتـەی کە بۆ دیـداری پارتی سەربەسـتیی و پارتی لیبراڵدیمۆکراتی بەریتانیا وگروپی لیبراڵەکانی بەریتانیا تەرخانکـراوە. ئاماژەی بە پێوەندی پسـك لە ساڵی ٦٠٠٢ وە بە لیبراڵەکانی ئوروپا وئەمریکاوە کـرد، و بەڕێـز جۆنازان فریـەر ئاماژەی بـەوە کرد تا ڕادەیەك لە چالاکی پسـك ئاگادار بووە، و دەستخۆشانەی لەو هەڵویستەی پارتی سەربەسـتیی کوردستان کرد بۆ پەرەپێدان بە هزری لیبرالیزم لە کوردستاندا.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەدا گەلێك باس وپێشـنیاری بەکەڵك دوولایەنە باسـی لە سەرکراو شرۆڤە کرا. بەپێێ ڕێکەوتننامەی هەردوو لایـەن ئەو پێوەندیانە زیاتر پەرە دەسێنێت.

لەو دیدارەدا هەر یەك لە بەڕێزان دوکتۆر ئالان عوسمان وەك کەسـایەتی ناسـراوی ڕۆژئاوای کوردستان و بەڕێز سەردار جعفەری چالاکی بواری سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، هاوشـاندی بەڕێز عارف باوەجانی بوون و ئەوانیش بە پێشـنیارو بۆچوونی جیاواز کۆبوونەوەکەیان زیاتر دەوڵەمەند کرد. **ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

## سەرەخۆشینامەی عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ بەرێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

بە داخەوە ئەمرۆ هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان حەمایل خانمان پێگەیشت.

ئـەم هەواڵەش بۆ هەموو کوردێکی نیشـتیمانپەروەر هەواڵێکی خەمناك بوو.

دایکـی بەڕێزتان یەکێك لەو ژنە تێکۆشـەرانە بوو کە بەشی زۆری تەمەنی و لە گەڵ ناخۆشی و ئاوارەی و دەربەدەری بۆ کوردسـتانە داگیرکراوەکەی تێپەرکرد. هاوکات وەك ژنێکی بە وەفای خوالێخۆشبوو جەنەراڵ مەلا موستەفای بارزانی لە خەبات و تێکۆشاندا بەردەوام هاوکار و پشـتیوانی بـووە. بـەو تایبەتمەندییانەوە دەکرێت بە شانازییەوە بڵێێن کە دایکی بەڕێزتان وەك یەکێك لە ژنە ناودارەکانی کوردستان لاپەرەی زێرینی مێژوویی بۆ خۆی تۆمارکردوە.

بە ناوی خۆم و گشت هەڤاڵانم لە پارتی سەربەستیی کوردسـتان پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕیزتان و گشـت ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی و گشت هەڤاڵان وهاوبیرانتان دەکەین.

**هیواخوازین ئاخرین خەمتان بێت.**

**ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێت.**

**براتان**

**عارف باوەجانی/ سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.**


**٣**

کۆنفرانسی دووەم و کاروچالاکی ٣ ڕۆژی بەرەی نەتەوەکانی بندەست

**هەواڵەکان**

**٤**

سیاسەتی نیوەی ڕێگە بەرەو سۆشیالیزم دەچێت

**وتار**

**١١**

لیبرالیزم

**هزری سیاسی**

**٧**

چەپلە بە دەستێك لێنادرێت

**وت و وێژ**

**٨**

ناتەبایی کوردەکان ڕێگرە لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی

**زانیاری**

## کۆنفرانسی دووەم و کاروچالاکی

# ٣ ڕۆژی بەرەی نەتەوەکانی بندەست لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، بە وەرگرتنی بەرپرسایەتی بەرە لە لایەن کوردەوە بۆ یەکساڵ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**ڕۆژی یەکەم 29.07.2011**

کۆنفرانسی نەتەوەکانی بندەست لە **٢٠١١/٠٧/٢٩** لەندەن بە بەشداری گشت پارت و لایەنەکانی ئەندام لەو بەرەیە، کە سێ لایەنی کوردی بە ناوەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان، کۆمەڵە: پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان و پارتی لینرالدیمۆکراتی کوردستان، لە کاتژمێر ١٠ ی بەیانی تا **١٨:٠٠** ئێوارە بەڕێوە چوو.

کە بە شێوەی خوارەوە بوو.

١. سەرەتا کردنەوەی کۆبوونەوە بە یەك خولەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی نەتەوەکانی بندەست.

٢. خۆ ناساندنی نۆێنەری ٢ لایەنی تازە بۆ نێو بەرەی نەتەوەکانی بندەست لە ئێران. بەڕێز جەلیل فەتاحیان وەك پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان و دوکتۆر عەدنان فالح عەبدوڵلە وەك( میعاد) سازمانی ئازادی بەخشی ئەلحواز.

٣. خۆێندنەوەی ڕاپۆرتی ٦ مانگەی کار و تێکۆشانی ٦ مانگ پێشی بەرە لە لایەن بەرپرسی پێشووی ئەو بەرەی نەتەوەکانی بندەست.

٤. باسێکی گشتی لەسەر هەڵکەوتەی جۆگرافیایی نەتەوەکانی دراوسێی یەك لە ئیستا و داهاتوودا.

٥. باس و لێدوان لە سەر شێوەی پێشخستنی زیاتری کارەکانی بەرە و دروستکردنی چەند کۆمیتەیەکی جیاواز لە نێو بەرەدا.

٦. باسێکی تێرو تەسەل لە سەر گۆرانکاری



لە نێو بەرنامە و پرۆگرامی بەرەی نەتەوەکانی بندەست. کە لەوێدا لە سەر پێشنیاری نۆێنەرانی کورد گەلێك خاڵی گرنگی پێوە زیادکرا.

٧. لە بەشی کۆتایی ڕۆژی یەکەم: بەڕێز مەسعود فەریقی وەك وتەبێژی گشتی نەتەوەکانی بندەست بۆ ماوەی یەك ساڵ دیاریکرا، و شەهاب ڕوکنی وتەبێژی جولانەوەی ئازادیبەخشی بەلوجستان وەك جێگری ناوبراو بۆ یەکساڵ دیاریکرا. بە پیرۆزبایی لە یەکردن و خۆشی وشادی ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانس کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**ڕۆژی دووەمی کارەکانی بەرە ٢٠١١/٧/٣٠**

کاتژمێر ١٠ ی بەیانی هەر یەك لە عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان و مەحمود بەشاری سەرۆکی بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبی ئەحواز لە پانێلی تەلەفزوێنی ئەلشەریقیە بۆ ماوەی یەك کاتژمێر بەشدارییان کرد. بەڕێز عارف بە نۆێنەری لایەنە کوردیەکان لەو بەرنامەیەدا زۆر بە وردی ئامازەی بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

کاتژمیر **٠٠:٣١** خۆپێشاندان لەبەر دەرکی سەفارەتی ئێران لە لەندەن.

لە لایەن بەرەی نەتەوەکانی بندەستی ئێران خۆپێشاندانێکی گشتی بە بەشداری نەتەوەکانی بندەستی ئێران لە بەر دەرکی سەفارەتی ئێران ڕێکخرا. کە لەو خۆپێشاندانە بە هەموو زمانەکانی نەتەوەکانی بندەست لێدوان دەدرا و شوعار دەگوترایەوە. بە دەیان ئاڵای کوردستان لە نێو ئەو خۆپێشاندانەدا دەبینرا کە زۆر بەرچاوبوو.

شایانی باسە کە چەندین کاناڵی ڕاگەیاندنی جیهانی لەو خۆپێشاندانەدا هەواڵ و ڕاپۆرتیان دەگوازتەوە، هەموویان لەو شۆێنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ عارف باوەجانی بە ناوی کوردەکانی بەشدار لەو ڕێپێوانە و نۆینەری نەتەوەکانی دیکە پێکهێنا.

**ڕۆژی سێیەم ٢٠١١/٠٧/٣١**

ڕۆژی سێیەمی کاری کۆنفرانس تایبەت بوو بە پێکهێنانی پرێس کۆنفرانسی کراوە بۆ میدیاکان و میوانانی بەشدار.

سەرەتایی ئەو بەرنامە لە لایەن بەڕێز مەسعود فەریقی وتەبێژی گشتی بەرە بە پێشکەشکردنی باسێکی گشتی لە سەر دروستبوونی بەرەو کار و ئامانجەکانی دەستی پێکرد، کە پاش تەواوبوونی باسەکەی ناوبراو بە پرسیار و وڵامی بەشداران باسەکە زیاتر دەوڵەمەند بوو.

بە دوای ئەودا سەرۆکی هەرکام لە حیزبەکان بە نۆرە وتاری خۆیان پێشکەش کرد.

بەڕێز عارف لە باسەکەی خۆیدا ئاماژەیەکی کورتی بە مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد، و هەروەها باسی لە سەر زەرورەتی بە دەوڵەتبوونی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بندەست کرد. هیندێك عەرەبی ناشیونالیستی وڵاتانی دیکەی عەرەبی کە لەو کۆنفرانسەدا بەشداربوون، کەبەشێکی زۆریان توڕەیی و نگرانی خۆیان لەبەرامبەر قسەکانی عارف نیشانداو، بەڵام بە هۆی وڵامەکانی عارف وەك قسەکەری کوردستانیان و هێنانەوەی چەند بەڵگەیەکی زیندو وەك بەشی ئەوەی کە بەشی زۆریی وڵاتە عەرەبییەکان لە درێژایی مێژوودا کە دژایەتی کوردیان کردوە هێنایەوە. کە لە ئاکامدا بەشێکیان هۆڵی کۆبوونەوەکەیان بە جێهێشت.

هەو لەو پرێس کۆنفرانسەشدا چەندین میدیا ڕێپۆرتاژیان بڵاو دەکردەوە.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان**

---

**چالاکی و بەیاننامەکانی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

## شاندێکی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری لە سەرەخۆشی حەمایل خانم لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کرد

ڕۆژی یەکشەممە **٢٠١١/٠٧/٣١** ی زاینی شاندێکی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرەستی عارف باوەجانی بارزانیوتەبێژی هاوپەیمانی و جەلیل فەتاحی نۆێنەری پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان و چەندین ئەندام و لاینگرانی ئەو حیزبانە، بە نۆێنەرایەتی هاوپەیمانی سەردانی مەجلیسی پرسەو سەرەخۆشی حەمایل خانم لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کرد.

کاك عارف بە ناوی هەر ٣ پارتی ئەندام لە هاوپەیمانی سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی بارزانی و نۆێنەرایەتی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە بەریتانیا و بەڕێز بەیان سامی



عەبدولرەحمان نۆێنەری حکومەتی هەرێم لە لەندەن کرد. هەر لەو سەرەخۆشییەدا کاناڵی کوردستان تیفی لەو بوارەوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەڕێز باوەجانی پێکهێنا.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان**

---

## وتەبێژی گشتی هاوپەیمانیی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان عارف باوەجانی

بەڕێز یانس ستۆڵتەنبەرگ سەرۆکوەزیرانی نۆرویژ

گەل و حکومەتی دیموکراتیك و مرۆڤ دۆستی وڵاتی نورویژ

هیوا خوازین وڵاتەکەتان هەمیشە خاوەنی ئاشتی و ئارامی و خۆشگوزەرانی بێت.

ئێمە وەك ٣ پارتی سیاسی کوردستانی بندەستی ئێران کە پێکەوە لەیەك هاوپەیمانیداین. بە بیستنی ئەو٢ هەواڵە دڵتەزێن و تەراژیدیاییە لە وڵاتەکەتان ڕوویدا، ئەو پەری نگران بووین و تووشی شۆك بووین، کە وڵاتێکی ئارام ناوەندی کۆڕو کۆبوونەوەی ئاشتی جیهانی بۆ تووشی کارەساتی وابێت.

ئێمەی میلەتی کورد وەکو گەورەترین قوربانی دەستی ڕەشی تیرۆر باش لە ئازارەکانی ئێوە تیدەگەین. لە ڕێگەی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەخۆشی خۆمان و گشت هەڤاڵ و هاوبیرانمان لە کوردستان و وڵاتانی کارو ژیانیان.

بەڕێز سەرۆکوەزیرانی نۆرویژ.

کورد میلەتێکی بێ ماف و لە ژێر گوشاردابن و بە بەردەوامی دەبینە قوربانی تیرۆر و تەقینەوە و هێرش و پەلاماری دەوڵەتانی زاڵ بە سەر وڵاتەکەمان دا وەهەر ئێستەش کە ئەم پەیامە ئاراستەی ئێوەی قوربانی تازەترین توند وتیژی بیر تەسکانی فەندەمێنتاڵ دەکەین ، هێرش و پەلاماری دەوڵەتی تێروریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سنورەکانی نێوان ئێران و عێراق دا هێندە چرە کە بە سەدان بنە ماڵە و هەزاران کەس و دەیان گوندمان روخاوە و ئاوارە بووە. هەر بۆیە پێمانوایە کە پێویستە وڵاتانی جیهان بە گشتی و وڵاتانی خاوەن ئەزموونی ئاشتی و دیمۆکراسی وەك نۆرویژ و وڵاتانی هاوتای هەوڵی زیاتر بخەنە گەر بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆری جیهان و ترۆریستی جیهانی. دابینکردنی ئاشتی و ئارامی بۆ گشت گەلانی جیهان.

جارێکی دیکە سەرخۆشیتان پێدەڵێین و خۆمان بە هاوبەشی ناخۆشییەکانی ئەو تراژیدیا دەزانین و لە ئێش و ئازارەکانی ئەو کارەساتانە زیاتر تێدەگەین.

هەر بژین بە سەربەستی و هێمنایەتی.

هاوپەیمانی سەربەخۆیی خوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**پارتی سەربەستی کوردستان**
**کۆمەڵە- پارتی سوسیال دیموکراتی کوردستان**
**پارتی لیبڕاڵ دیموکراتی کوردستان**

---

## بەشداری کردنی کۆمیتەی نۆروێژی پسک لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی بانو ڕەشید قوربانی کارەساتە تیرۆریستیەکەی نۆروێژ.





ڕۆژی هەینی ٧ ی گەلاوێژی ساڵی **٢٧١١ی** کوردی هاوکات لەگەڵ **٢٩ی ٧ ی ٢٠١١ی** زایینی بە بەشداری سەرۆك وەزیران و سەدان کەس لە هاوڵاتیان کورد و نۆروێژی، ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی کچە کوردی قوربانی کارەساتە دڵتەزێنەکەی نۆرویژ، بانو ڕەشید بەڕێوەچوو.

شایانی باسە شاندێکی کۆمیتەی نۆروێژی پارتیشمان کە پێکهاتبون لە بەڕێزان ڕێبوار ئەحمەدزادە و پەروین فیشاڵ (نیشتمان) بەشداری ڕێورەسمەکە بون و دەستە گوڵی وەفاداریان خستە سەر مەکۆی گیانبەختکردو و لە نزیکەوە بەشداریان لە خەم و پەژارەی بنەماڵە و خزم و کەس وکاریدا کرد.

**سەرچاوەی هەواڵ: کۆمیتەی نۆروێژی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

---

## ئاکامی هێرشی فرۆکەکانی تورکیا، ٧ هاوڵاتی یەک بنەماڵەی کوردستانی شەهید کران

**تایبەت بە ڕۆژنامەی سەربەستی.**

لە درێژەی هێرشە بەردەوامەکانی فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی ٢١ **٢٠١١/٨/** لە ناوچەی چیای کورتەك شەش هاووڵاتیان شەهید کرد.

بە پێی سەرچاوە هەواڵییەکان ئەندامانی ئەو بنەماڵە خەڵکی گوندی بۆڵێیە، ئەوان لە نێو ئۆتۆمبیلی خۆیان ویستوویانە لە شۆێنی تۆپبارانەکان بگوازنەوە بۆ شۆێنێکی ئارامتر، بەڵام فرۆکە جەنگییەکان زۆر ناجوامیرانە هێرش دەکەنە سەریان هەر ٧ هاووڵاتییەکە شەهید دەکەن.

ماوەی یەکحەفتەیە هێزەکانی تورکیا لە ڕێگەی فرۆکە جەنگییەکانیانەوە بەردەوام بۆمبارانی ناوچەکانی کوردستان دەکەن و زیانێکی زۆری ماڵی و سروشتیان بە ناوچەکانی کوردستان گەیاندووە، تا سەر ئەنجام ئەمرۆش ٧هاووڵاتیان شەهیدکرد.



# هاتنی هێزی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە توندی ئیدانە دەکەین

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**
**کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆست و بەرپرسیارە جیهانییەکان**
**بەرپرسانی کۆماری عێراقی فیدراڵ**

ماوەیەکە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی داگیرکەر بە بیانووی بوونی جموجۆڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ئێران خەریکی دەستدرێژیکردنن بۆ سەر کەرامەت و ئازادییەکانی خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان، و لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا وێڕای تۆپبارانکردنی خەستی ناوچە سنوورییەکان و ئاوارەکردنی خەڵکێکی زۆر لە دانیشتووانی گوندنشینی سەر سنوور، زیانێکی زۆریان بە خەڵکی کوردستان گەیاندووە و ئەمەش لە حاڵێکدایە کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سیاسیی و ئاشتیانە ئیدانەی ئەو ئاکارە نامرۆڤانەیەی سوپای ئێرانی کردووە و داوای کردوە دەست لە کاری لەو جۆرە هەڵبگرن.

بێدەنگی لێکردنی حکوومەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ وا نیشان دەدات کە رێککەوتنێکی ئەمنی نێوان ئەو سێ وڵاتە لە بێدەنگیی و رانبەگەیەندراویدا ئەنجام دەدرێت، و دیسانەوە مەترسی رێکەوتنێکی نهێنی وەك رێککەوتنامە شوومەکان لە وێنەی "سەعدئاباد" و "ئەلجەزایير" لە ئارادایە. هەر بۆ سەلماندنی ئەو راستییە بە گوێرەی هەواڵ و زانیارییەکان، دەستدرێژیی سوپای ئێران بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاریی هێزەکانی تورکیاش دەکرێت کە خاوەنی ئەزموونێکی زیاترە لەو بوارەدا. سەرەڕای پەیادکردنی چەندین ملیارد دۆلار ساڵانە لە باشووری کوردستان، هێشتا دەوڵەتی تورکیا بەو شێوەیە هەم لەگەڵ ئێران هاوکاریی دەکات و هەم سیخوڕ و بەکرێگیراو ساز دەکات و بە تەمان لە سەر خوێنی کورد دووبارە ئیمپراتۆری عوسمانی ئیسلامیی دروست بکەنەوە. بە پیشاندانی ئەم راستیە و هەڵوێست گرتن لەسەر ئەو ئاکارە نائینسانییانەی لەگەڵ کورد و کوردستانییاندا بە بێ جیاوازی دەکرێت، و هەموو رۆژێك بە شێوازێکی تازە مافەکانی ئەم نەتەوە بندەستە پێشێل دەکرێت. داوا لە ڕای گشتی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەت و هێزەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی دەکەین، زەخت لە هێزە داگیرکارە هاوبەشەکانی کوردستان بکەن کە لە ناو خاکی کوردستان بکشێنەوە تا ئارامی بۆ ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، و با چیدیکە خەڵکی بێ تاوانی کوردی سەرسنوور نەبنە قوربانیی پیلانگێڕانی حکوومەتەکانی داگیرکاری کوردستان.

ئێمە وەك هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای دەستخۆشانە لە هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر تۆپباران و پێشێلکارییەکانی ئێران، و دەستخۆشانە لەو پێشمەرگە کوردانەی سەرشاخەکان بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هێزەکانی داگیرکەر ئامادەن، هاوکات ئامادەیی و پشتیوانی خۆمان بۆ هەر جۆرە هاوکارییەکای سیاسیی و نیزامی بۆ پاراستنی خاك و سەروەریی بەشی باشووری وڵات، واتە هەرێمی کوردستان، دەردەبڕین.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای سەربەخۆییخوازی
نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان
شەرمەزاری بۆ پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤی کورد لە هەموو شوێنێکی ئەو جیهانەدا
هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**پارتی سەربەستیی کوردستان**
**کۆمەڵە ـ پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان**
**پارتی لیبرالدیمۆکراتی کوردستان**
.HAWPEIMANI@GMAIL.COM
**٢٠١١/٧/١٧ ی زاینی. ٢٦ی پوشپەڕی ٢٧١١ ی کوردی**



# چۆن بوو ساڵی ١٩٧٩

# خومەینی وخومەینیەکان جڵەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست؟

**نووسینی: ڕێبوار ئەحمەدزادە**
rebwar125@hotmail.com نۆروێژ

ئەوەی کە لە ئێران، لە ساڵی **١٣٥٧(١٩٧٩)** ڕوویداو لە ئاکامی شکستی جوڵانەوەی دێموکراتیك وئازادیخوازانەی خەڵکانی ئێراندا، و مەلاکان لە سەروی ئە وانیشەوە خومەینی لە جێگای ڕژێمی پاشایەتی هە ڵسوڕاندنی کاروباری وڵاتی گرتە دەست، تا ئێستاش بۆ هەندێ کەس وەك مەتەڵێکی بێ وەڵام ماوەتەوە. ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژوی پڕ لە هەورازونشێوی کۆمەڵگای ئێراندا بخشێنین زۆر بە ئاسانی بۆمان دەردەکە وێ کە هەرکات بیروهزرە پێشکە وتن خوازەکانی خە ڵکانی ئێران کە لە ژێر کاریگەری ئاڵ وگۆڕیە جیهانیەکاندا سەریان هە ڵداوە و بە دوای جۆرە ژیانێکی پێشکەوتو و سەردەمیانەی زانستی و کۆمەڵگایی سەردەمدا بوون، کۆمەڵێك مەلا بونەتە ڕێگری سەرەکی لە پێشوە چونی بۆ ئەوەی ئەو ئاڵ و گۆڕیە پێشکەوتن خوازیانە بە ئامانج نەگەن. لەو نێوانەدا چەندە زۆرن ئەو کەسایەتیە ڕامیاری، زانستی، فەرهەنگی و... یانە ی کە بونەتە ئامانجی تیرۆرە ڕەشەکان بە دەستور و فەرمانی کۆمەڵێك لە مەلا دەسەلات بە دەستەکانی سەردەم وبە هۆی هەبونی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی پێشکەوتو، گیانی خۆیان لە دەست داوە. فەتواکانی ئەوجۆرە مەلایانە بۆ کوشتنی جودا بیران خۆی مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە لە مێژوی مەزهەبیە توندرەوەکاندا. لە مێژوی تازەی ئێرانیشدا بەشی مەلاکان لە ئاڵ و گۆڕیە ڕامیاری وکۆمەڵایەتیەکانی ئە و وڵاتەدا، دوا کەوتویی و گەڕانەوە بەرەودوا بووە و هیچیتر. لە هەر چوار جوڵانەوە گرینگە ڕامیاری وکۆمەڵاتیەکانی سەدەکانی **١٩** و **٢٠** لە ئێراندا، واتە جوڵانە وە تنباکو(**١٩٨٠**)،جوڵانە وە ی مەشروتییەت(**١٩٠٦-١٩٠٩**)،جوڵانەوەی بە میللی کردنی نەوت(**١٩٥١**) و سەر ئەنجام جوڵانەوەی دژە پاشایە تی(**١٩٧٩**) ،ڕۆڵی مەزهەبیە توندرەوەکان، ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەلاڕێ کێشان و سەرەنجام شکستی جوڵانەوەکان بووە. بە پێی ئەوەی باس کرا دەتوانین ئەرك وکاروباری مەلاتوند ئاژۆکان و کەسانی وەك خومەینی لەو پێوەندیەدا هە ڵ سەنگێنین. پێش خومەینی ودوای ئەویش زۆر مەلا ،ئیمام جومعە ، و کەسانی مەزهەبی بون و هەن کە لە پێناو پاراستنی نیزامی دەسەلات



**هیچ ئاڵ و گۆڕیەك ناتوانێ لە ئاستی سەرەوە مەبەستەکانی دێموکڕاتیك و مافە کۆمەڵایەتیەکانی خە ڵك دابین بکاو بیان هێنێتە دی. دەبێ لە خوارەوە و لە پایە سەرەکیەکانی کۆمەڵگادا، واتە لە ناو چینەکانی زەحمەتکێش، لە ناو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، لە ناو زانکۆ و قوتابخانە کان و لە ناو ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕی پێشکەوتو و...،**

بەدەستی سەردەمی خۆیان هاتونەتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە و ڕۆڵی تێکدەرانەی خۆیان ئەنجام داوە و دەیدەن. ئەو مەلاو ئیمام جومعە و... سەردەمێك لەگەڵ فئودال و ئاغاکان بە دژی جوڵانەوەی پێشکەوتن خوازانە، جوڵاونەتەوە، ئە مڕۆ و سبەینێش هەرکاتێك جوڵانەوەی پێشکەوتن خوازانەی خەڵك سەرهەڵدا و نزیك بێتەوە لە سەرکەوتن، بێ گومان دێنەوە مەیدان وتا بۆیان بکرێ ناهێڵن سەرکەوێ و بە ئامانج بگات. ئەوجۆرە مەلاو مەزهەبیانە لە یەك ڕۆڵ و ئەرك بەولاوە چیتریان نە بووە ونیە ئەویش پاراستن وڕاگرتنی نیزامی سەرکوتگەر لە بەرامبەر جوڵانەوەی ئازادی ودێموکڕاتیانەدا. ئەوجۆرە مەلاو مەزهەبیانە بەردەوام وەك یەك کەرەسە لە خزمەتی هێزە کۆنە پەرەست و سەرکوتکەرەکانی دەسەلاتدارا بون و هەن. خومەینی لە ڕاستیدا یەکێك لە دواکەوتورین وکۆنەپەرست ترینی مێژووی ئێرانە و لە هیچ بارودۆخێکدا، بچوکترین ئاڵ و گۆڕی لە بیرکردنەوە تاریك، بەردین ودژە گەلیەکەیدا ڕوی نەداوە. خومەینی **١٥** ی جۆزەردان هەر هەمان خومەینی **٢٢**ی ڕێبە ندانی**٥٧** بو و هەروەها هەر هەمان خومەینیەی پێش و پاشی مێژووەکانە و لە ڕاستیدا بیر کردنەوە و هزری ئەوجۆرە مەزهەبیانە و خومەینی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمەکانی نەزانی و بەربەڕی پێش مێژووی مرۆڤایەتی. خومەینی زۆر پێش لە **١٥**ی جۆزەردان و**٢٢**ی ڕێبە ندان و... خۆی سەرتاپا لە کتێبی حکومەتی ئیسلامی و ویلایە تی فە قیهدا نیشان دابو، بەڵام مێشکی هەندێ لە ڕوناکبیر، نوسەر، وهەل قۆزتنەوەی زۆربەی ڕێبەرانی جوڵانەوە سیاسیەکان، دە م وچاوی خومەینییان لە مانگدا دیت و کردیانە تابلۆی شەرەف ومایەی شانازی خەڵکانی ئێران. بە هەر حاڵ، بۆ نە هێشتنی کاریگەریە چەوتەکانی ئەو جۆرە مەلاو مەزهەبیانە لە سەر کۆمەڵگا، پێویستە بە ئاڵ و گۆڕیەکی بنیات نەرانە لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵگادا هەیە و ئەوەش نە بە ڕیفۆرم و چاکسازی و ئاڵ و گۆڕی لە ناو چینی سەرەوە، بە ڵکو دەبێ لە ڕێگەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی،ڕامیاری و فە رهەنگی یەوە ئەنجام بدرێت. ئەوجوڵانەوە و شۆڕشە کۆمەڵایەتیە لە ئێراندا، بە تایبەتی کرێکاران و قوتابیانی زانکۆکان، ژنان و گەنجە کان بە باشی هەستیان پێ کردووە. جیلی جوان کە وردە وردە دێنە ناو بازاڕی سیاسەتەوە خاوەنی یەك دنیا ئەزمونی باش و خراپن وئەو ئەزمونانە دەتوانن جوڵانەوە و ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی دیاری و ڕێبەری بکەن. هیچ ئاڵ و گۆڕیەك ناتوانێ لە ئاستی سەرەوە مەبەستەکانی دێموکڕاتیك و مافە کۆمەڵایەتیەکانی خە ڵك دابین بکاو بیان هێنێتە دی. دەبێ لە خوارەوە و لە پایە سەرەکیەکانی کۆمەڵگادا، واتە لە ناو چینەکانی زەحمەتکێش، لە ناو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، لە ناو زانکۆ و قوتابخانە کان و لە ناو ڕوناکبیرانی شۆڕشگێڕی پێشکەوتو و...، وەك هێزێکی پۆڵایین لە بەرامبەر نیزامی زۆرداری دەسەڵاتداردا بوەستن و لە ناوەوە جوڵانەوە دژی ئەو نیزامە گەندەڵ، دیکتاتۆر و مرۆڤ کوژە ،ڕێ بخرێت.



# شاندێکی یەکێتی نەتەوەکانی بندەست لەگەڵ پارتی لیبراڵی نۆرویژی ( ڤێنسترە پارتی) کۆبووە.

ڕێکەوتی **٢٠١١/٨/١١** شاندێکی یەکێتی نەتەوەکانی بندەست کە پێکهاتبوون لەبەڕێزان عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان و مەحمود بەشاری سەرۆکی بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەبی ئەحواز. لە بارەگای ئەنجومەنی شارەوانی ئۆسلۆی پایەختی نۆرویژ، لەگەڵ بەڕێزان ئولە ئیلفستووەن جێگری سکرتێری گشتی پارتی لیبراڵی نۆرویژی وتوریل بەرگە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی ناوبراو کاندیدی ژمارەی دووی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئەو حیزبە کۆبوونەوە.
لەو کۆبوونەوەدا کە یەککاتژمێر درێژەی هەبوو، زۆر بابەتی گرنگ دوولایەنە بە شێوەی خوارەوە باسی لە سەرکرا.
١. باسێکی کورت لە سەر پێکهاتەی نەتەوەکانی بندەست لە ئێراندا، و زوڵم وزۆری ڕێژیمی ئێران بە سەر گەلانی کورد و عەرەب و بەلوچ و تورکمەن و ئازەری.
٢. باسێکی کورت لە سەر دروستبوونی یەکێتی نەتەوەکانی بندەست لە ئێران و کۆنفرانسەکانی لەندەن.
٣. باسی پشتیوانی لایەنەکانی سیاسی نۆرویژی لە ویستی نەتەوەبندەستەکان لە ئێراندا.
٤. باسی پشتیوانی لە دۆزی پەنابەرانی گیرخواردوی کورد و ئەحوازی لە کەمپی ئەلوەلید لە سنووری ئێراق و سوریا.
٥. باسێك لە سەر کارەساتە دڵتەزێنەکانی ئۆسلۆ و یۆتۆیا.
٦. باسێك لە سەر گۆرانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و وڵاتانی عەرەبی، و ڕۆڵی ئێران لە تێکدانی ئاسایشی وڵاتانی ناوچەکە.
٧. باسێك لە سەر هەڵبژاردنەکانی پایزی **٢٠١١** ی شارەوانییەکانی نۆرویژ.
٨. بەردەوامی پیوەندی نێوان لیبراڵەکانی نۆرویژ و ئوروپا لەگەڵ نەتەوەکانی بندەست.

**یەکێتی نەتەوەکانی بندەستی ئێران.**
**٢٠١١/٨/١١**

# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی سەربەستیی لەگەڵ چالاکی سیاسی و ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان

## خاتوون پەروین فیشاڵ ناسراو بە (نیشتیمان)



**سەربەستی: تکایە سەرەتا خۆت و ئاستی خوێندەواریت بۆ خۆینەرانی ڕۆژنامەکەمان باس بکە.**

■ ناوم پەروین فیشاڵە و ناسراوم بە نیشتمان. بە هۆی ئەوەی کە نیشتمان ناوێکی کوردییە بەو ناوە ناسنامەیان بۆدەر نەکردوم بۆیە باوکم ناچار بووە کە بە ناوێکیتر ناسنامەم بۆ دەربهێنێ. تا ساڵی دووهەم لە بەشی خاک ناسیدا لە زانکۆی ورمێ خوێندوومە، بە داخەوە بە هۆی چالاکیەك لە زانستگای ورمێ لە کاتی خویندکاریمدا کە تێیدا خوێندنەوەی شێعرێکی کوردی بەشێك لە چالاکیە کە بوو، لە خوێندن بێبەشیان کردم و نەیانهێشت درێژە بە خوێندن بدەم.

**سەربەستی: دەکرێ چۆنیەتی بێبەش کردنتان لە خوێندن لەسەر ئەو شێعرە کوردییە باس بکەن؟**

■ من زۆر جار بۆ بڵاوکراوەکانی ناو زانکۆ شێعرم دەنوسی، لە سمینار و بۆنە جیاجیاکاندا شێعرو بابەتم دەخوێندنەوە. زۆریش هەوڵماندا لە گەڵ هێندێك لە خوێندکاری دیکەی کورد کە لەو زانستگەیە خەریکی خوێندن بوون، بڵاوکراوەیەك بە ناوی ژیلەمۆ بڵاو بکەینەوە بەڵام ڕێگایان پێ نەداین. جارێکیان لە زانکۆ شەوی شێعری کوردیمان هەبوو، منیش شێعرێکم ئامادە کردبوو بە ناوی ئازادی کوردستان. پێشتر شێعرەکەم دابوو بە کومیتەیەك کە کۆمیتەی ئینزیباتی پێ دەڵێن، چەند برگەیەکیان لێ بڕیبوو گوتیان نابێ ئەو چەند بڕگانە بخوێنیەوە. منیش لە کاتی خوێندنەوەکەدا گوێم بە داواکاریەکەیان نەدا و شێعرەکەم بە تەواوی خوێندەوە. دواتر بانگیان کردم بۆ کۆمیتەی ئینزیباتی و پێیان گوتم کە ناتوانم لە تاقیکردنەوەکاندا بەشداری بکەم. دوای سێ ڕۆژ نامەیەکیشم بۆهات کە دەبێ شوێنی حەوانەوەی خوێندکاری بەجێبهێڵم. ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە نەتوانم درێژە بە خوێندن بدەم..

**سەربەستی: بە پێی ئەو زانیارییانەی لامانە، کە بەڕێزیشتان یەکێکن لەو خۆێندکارانەی کە لە خۆپێشاندانەکان بەشداریتان کردوە، دەتوانی چەند ڕووداوی ناخۆش و کردەوەی ناشیرینی کاربەدەستانی ڕژێیمی ئێران بە رامبەر بە خۆپیشاندەران و بەرهەڵستکاران دەیانکرد بۆ خوێنەران باسبکەی؟**

■ دیارە ڕووداوی ناخۆش و قیزەون کە لەسەر دەستی کاربەدەستانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی ئێران ئەنجام دراون ئەوەندە زۆرن کە دەبێ چەند کتێبیان لەسەر بنوسەرێ، من لێرەدا یەکێك لەو ڕۆژە ناخۆش و جینایەتە قیزەونانە کە بە چاوی خۆم بینیم وەك نمونە باس دەکەم. ڕۆژێك خەڵك هێرشیان کردە سەر بنکەی بەناو بەسیجی برادەران، بە چاوی خۆم بینیم کە لەسەر بانی ڕا زۆر بێ بەزەییانە خەڵکیان دەدا بەر گوللە. خەڵکێکی یەکجار زۆر بریندار و کوژرابوون کە من دو کەسی کوژراوم بە چاوی خۆم دیت کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە کوژرابون. ئەو ڕۆژە یەکێك لە ڕۆژە ناخۆشەکانی تەمەنی من بوو.

**سەربەستی: دەتوانی تۆزێک باسی نێو بەندیخانەو بەندییەکاننمان بۆ بکەی کە خۆت لە نزیکەوە دیتوتن؟**

■ هیچ زمان وپێنووسێك توانای باسکردن و گێڕانەوەی ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ناو بەندیخانەکانی کۆماری سێدارەی ئێرانی نیە، بەڵام هەوڵ دەدەم گۆشەیەکی بچوکیان بۆ ئێوە باسبکەم. ئەو بەندیخانەی کە ئێمەیان تێدابەندی کردبوو، لە بەر باری نەشیاوی پاك وخاوێنی پێشتر داخرا بوو، بەڵام بە دوای ڕووداوەکانی **١٨ی** تیری ساڵی **١٣٨٨ی** هەتاوی، کردیانەوە و ئێمەیان برد بۆ ئەو شوێنە ترسناکە. دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆی جسمی و ڕوحی، تەواوی گیانمانیان تەڕ دەکرد، چەندین کاتژمێر لەسەر پێ ڕایان دەگرتین و ئەوجار پێیان دەکوتین هەمووتان تیرباران دەکەیین بە شێوەیەك کە بە تەواوی باوەڕمان دەکرد کە ئێعداممان دەکەن. ئەمجا دوای چەند کاتژمێر دەیان گوت ئەمشەو تیمی ئیعدام نەهاتون چاوەڕوان بن بۆ سبەی شەو. بەو جۆرە شەو و ڕۆژ لە ترس و دڵەڕاوکێ دا ڕایان دەگرتین. لە لایەکی‌تروە بە گەرمای هاوین لە کانتینێردا ڕایان دەگرتین کە بە تەواوی گیانمان شەلاڵی ئارەق دەبو، نەفەسمان تەنگ دەبوو خەریك بوو بخنکێیین. زۆر جارلەبەر خۆرەتاوی هاوین و لەسەر چیمەنتۆ لە حەساری زیندان دایان دەنیشاندین، بۆشمان نەبو هیچ بخۆینەوە. زۆر کەس دەبورایەوە ئەوەندە گەرم و بە ئازاربو.

**سەربەستی: ئەی چۆن بوو کە ئاوارەی هە ندەران بووی؟**

■ لە خۆپێشاندانی **١٨ی** تیردا دەستگیرکرام و دوای چەند ڕۆژ ئەشکەنجەی جسمی و ڕوحی، بەڵێنیان پیواژۆ کردم کە ئیتر لە هیچ جوڵانەوەیەکی دژ بە حکومەتدا بەشداری نەکەم، ئەگەر مە رجەکە بشکێنم، بەو شێوە هەڵس و کەوتم لەگەڵ دەکەن کە خۆیان دەزانن. سەرەڕای شەیدا بوونم بە ئازادی، و بێبەش کرانم لە خوێندن و ئەو هەڵس و کەوت و ئەشکەنجە ڕوحی و جسمیانەی کە لە زینداندا بە رامبەر بە من ئەنجامدرابوون، ببوونە هۆی ئەوەی کە لە خەبات بۆ گە یشتن بە ئاوات و ئامانجەکانمدا چڕتر ببمەوە هەرچی لە دەستم هاتبایە بۆ دژایەتی ئەوان لە خەباتی بێپسانەوە دەست هە ڵنە گرم. هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی کە بەڵێننامەم واژوو کردبوو، لە خۆپێشاندانی ڕۆژی عاشورادا(دوای هەڵبژاردنە پڕ لە ساختە و فریوکاریەکانی ساڵی ٨٨) سەرەڕای بەشداری چالاکانەی خۆم، دۆست و ناسراوەکانی خۆشم بانگهێشتی خۆپێشاندانەکە کرد و بەرزکردنەوەی دروشمی دژە حکومەتی و سوتاندنی دروشم و پلاکارد، زۆر بە توندیش بەرەوڕوی هێزەکانی ڕژێم بوینەوە. دۆستەکانم گوتیان چونکە تۆ پێشتر بەڵێننامەت پیواژۆ کراوە وا باشترە لێرە دور بکەویەوە. منیش بە قسەیانم کرد و دورکەوتمەوە و شەویش چوومە ماڵی ناسراوێکمان. بۆ سبەینێکەی هێزێکی زۆری ڕێژیم هەڵیان کوتابویە سەر ماڵی ئێمە و کەل و پەلەکانی منیان هەمو لێکدابوو، ئەو فیلم و شتانەش کە بە موبیلەکانیان لە من لە کاتی خۆپێشاندان‌دا گرتبویانن کەوتۆتە دەستی ڕژێم. بۆیە دڵنیا بووم لە ئەوەی کە دۆستەکانم گیراون ودانیان بەوەداناوە کە منیش یەکێك لە ڕێکخەرانی ئەو خۆپێشاندانە بووم. جا چونکە پێشتر گیرابوم و بەڵێنینامەشم واژۆ کرد بوو، بۆیە دەمزانی ئەگەر جارێکیتر بکەومەوە دەستیان بەرەوڕوی سزای زۆر قورس دەبمەوە و لە دەستیان نەجاتم نابێت، هەربۆیە ناچار بوم وڵات بەجێ بهێڵم.

**سەربەستی: ئەوە بە مانای ئەوە بوو کە هیچ جێگایەک کە بتوانی ژیانێکی ئاسایی و ئارام بۆخۆت دەستەبەر بکەی لە ناو خاکی ئێران و کوردستان دا بۆت نەمابۆوە؟**

وەڵام: گومانم لەوە دانیە بۆ منی کچی کورد کە پێشتریش بەڵێنینامەم پیۆاژۆ کرابو، ئەگەر ئەوجارە کەوتبامەوە دەستیان هەزار ئیتتیهامی دیکەشیان بۆ هەڵدەبەستم و بە چارەنووسی زۆر کەسی تریان دەبردم کە نە یار ودژی ئەوان بوون. بۆیە نە لە ئێران ونە کوردستان هیچ جێگایەك دەستنەدەکەوت کە من یان هاوبیرانم کە بۆ ڕژێم ئاشکرابووبوین، بتوانن ژیانێکی ئاسایی و بێمەترسی تێدا بکەن.

**سەربەستی: بۆ ڕێزەکانی پارتی سەربەستی کوردستانت هەڵبژارد؟**

■ ماوەیەك بوو کە کەوتبوومە بیرکردنەوە کە ئاخۆ چ سیستم و میکانیزمێك دەتوانێ زامنی ڕزگاری یەکجاری و هەتاهەتایی گەلی کورد لە چەوسانەوە و ژێر دەستی بێت. سەربەخۆییم بە باشترین ڕێگا چارە هاتە بەرچاو. هەر بۆیە دوای سەرنجدان بە بەرنامە و پەیڕەوپڕۆگرامی هێز ولایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو جۆرە بۆچونەی خۆم تەنیا لە پێڕەوی ناوخۆیی پارتی سەربەستیی کوردستاندا بەدیکرد. هەر ئەوەش بو بە هۆی پەیوەندی کردن و چونم بۆ ناو ڕیزەکانی پسك. دیارە کە لە ناوخۆی وڵاتیش بووم پارتی سەربەستیی کوردستانم دەناسی. کە وەك پارتێکی نەتەوەیی وسەربەخۆخواز لە نێۆ کۆڕی یاران زۆر بە ڕێزەوە باسی لیۆەدەکرا. منیش هەر کاتێك کە هاتمە دەرەوەو دەستم بە ئینتەرنێت دەگەیشت بەردەوام چاودیری کارەکانی ئەو پارتەم دەکرد. بە پێی بڕوایەکی قووڵ کە بە مافی خۆم و مرۆڤ و نەتەوەکەم هەیە، ڕێزەکانی پارتی سەربەستی کوردستانم هەڵبژارد.

> **سەربەخۆییم بە باشترین ڕێگا چارە هاتە بەرچاو. هەر بۆیە دوای سەرنجدان بە بەرنامە و پەیڕەوپڕۆگرامی هێز ولایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو جۆرە بۆچونەی خۆم تەنیا لە پێڕەوی ناوخۆیی پارتی سەربەستیی کوردستاندا بەدیکرد**

**سەربەستی: لە کۆنفرانسی یەکەمی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان بەڕێزتان وەک جێگری بەرپرسی گشتی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان هەڵبژێردران، ئایا تا چەندە خۆت لەو بوارەوە دەبینیتەوە.یا تا چەندە دەتوانن ڕۆڵی کاریگەرتان لە نێۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێت.**

■ بەڕای من هەر کۆمەڵگایەکی بندەست بۆ گەییشتن بە سەربەخۆیی پێویستە تێکڕای کۆمەڵگاکە دەست بخاتە ناو دەستی یەکتر. ژنان کە نیوەی کۆمەڵگان ئەگەر تێکەڵی بزوتنەوەی سەربەخۆخوازی کوردستان نەبن و شان بە شانی پیاوان تێنەکۆشن، گومان لەوەدا نیە کە ئەو بزوتنەوەیە ناتەواو دەبێت و ناتوانێ بگاتە ئامانج و هەروەها ژنی کورد وەك مرۆڤێکی چەوساوە، هەر لە ئەو ڕهێڵەدا مافەکانی ژن، هاو ڕهێڵە بکات لە گەڵ خەبات بۆ ئازادی نەتەوەکەی، دیسان لە کوردستان دا تەنیا پیاوان نین کە لە باری نە تەوەییەوە دەچەوسێنەوە، ژن زیادتر دەچەوسیتەوە، بۆیە ژنی کورد دەبێ سەربەخۆخوازتر بێت لە پیاوی کورد. ژن دڵسووتاوتر دەبێت لە پیاو، ئەگە ر وا بێت دەبێت ژن باشتر منداڵ و باب و باوك و دایك و خوشکی خۆی بپارێزیت و سەربە خۆییش چەپەرێکی زۆر قایمە بەرامبەر بە داگیر کەر بۆ دەست درێژی. ئێمە وەك ڕێکخراوی ژنان بە پێێ توانا و ئیمکاناتمان دەستبەکار دەبین، و بە خۆشییەوە تا ئیستا بە دەیان ژنی تێکۆشەر لە ناوخۆی وڵات پێوەندییان لەگەڵ گرتووین وئامادەییان بۆ هاوکاری نیشانداوە.

بە پێێویستی دەزانم کە لێرەدا باسیبکەم، کە بەڕاستی هەم سەرۆکی گشتی و هەم ئەندامانی سەرکردایە یەتی پارتی سەربەستیی کوردستان هاندەرو پشتیوانی تەواون لە بەشداری ژنان لە نێۆ سیاسەت و کار و بریاردان‌دا. بۆ بەشداریم لەم ڕێکخراوە لە لایەن جەنابی سەرۆك و چەند ئەندام سەرکردایەتیەکی پارتی پێشنیاریان پێکردم ئەو بەرپرسایەتییە وەرگرم، و ئەوان پێیانوابوو کە بە پیێ ئەو ئەزموونانەی لە من دیویانە دەتوانم لەو کارەم سەرکەوتووبم، منیش وێرای سوپاس لە دڵسۆزی ئەوان بۆ جووڵانەوەی ژنان و دەڵێم هیوادارم ئەو کەسە بم کە چاوەڕێیان لێمە.

**سەربەستی: پێت وایە سەربەخۆیی بۆ نەتەوەیەک بە مانای چی‌یە؟**

وەڵام: سەربە خۆیی مانایەکی زۆر قووڵی هەیە بۆ گەلی کوردستان، گەلێك سەرفرازە کە بە مافەکانی خۆی گەیشت بێت، دەست درێژی لە سەر نە بێت، دەستی تالاّن‌کەر و دز و جەردەی لە سەر بڕابێت. بە زمانی خۆی بخوێنێت، بۆ خۆی خاوەنی ماڵ و سامانی خۆی بێت، و لە بەرژەوەندی خۆی و هاووڵاتیاندا بەکاری بهێنێت. یاسا و ڕێساکانی ژیان لە پەڕلەمانی خۆیدا بۆی دەربچێت، خەڵك خاوەن ئاسایشی ڕۆژانەی ژیانی ئاسایی و ئابووری خۆیان بن، و لە ترس و دڵەڕاوکێ دا نەژین. ڕێگا وبانی مینرێژ نەکرابێت و دەست و لاق پەڕیوی کەمبن یان هەر نەیبن، ........ هەموو ئەوانە هۆی ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان هەر وەك سەرۆکی گشتی پارتیمان دە ڵێت لە ١٠٠ دا **٩٩ی** گەلی کوردستان سە ربە خۆخوازە، منیش یەکێکم لە ئەو ٩٩ لە سەتەدا.

**سەربەستی: چ مە کانیزمێک دەتوانێت سەربە خۆیی سیاسی ڕۆژهە ڵاتی کوردستان وەگەڕ بخات؟**

■ یەکەم مە کانیزم نەهێشتنی داگیرکەرە، لە نێو خاکی پیرۆزی کوردستان، ئەویش دەبێت هەلێکی گونجاو بێتە پێش، وەك باشوری سوادن، کۆسۆڤۆ، مۆنتینیگرۆ وە یان باشووری کوردستان، کە ئەوانیش رۆژ تا رۆژ بەرەو سەربەخۆیی دەڕۆن.

دووهەم، جیا کردنەوەی سیستێمی ئێداری و بەڕێوەبەری لە وڵاتی داگیرکەر.

سێهەم ، بەکار نەهێنانی دراوی حکومەتی داگیر کەر، هەتا چاپکردنی دراوی نەتەوەیی. لە پێش ئەوانەشدا دامەزراندنی پەرلەمانی گە لی کوردستان و دانانی یاسای بەڕێوەبەری، دیاریکردنی دەوڵەت بۆ وەگەڕ خستنی وڵات وپەیوەندیەکان.

چوارەم، نەهێشتنی چەك لە ناو خەڵك دا، دابین کردنی ئاسایش و ئارامی ژیانی خەڵك. پارتە سیاسیە کان لە چەك داماڵدرێن و ئەرتەشی نە تەوەیی و پۆلیسی کوردستان جێگەی هەموویان بگرێتەوە. ڕادیو و تەلەفزیۆنی نە تەوەیی دامەزرێندرێت، حیزبە کانیش وەك حیزب کاناڵیان نەمێنێت.

بانکی ناوەندی دامەزرێت، بۆ کارە بانکیەکان و هاتووچۆی پارە و دراو و داهاتی نەتەوەیی کوردستان بۆ باج و فرۆش ودانی مانگانەی کرێکارانی( هەموو کرێکارن لە سەرۆك کۆمار ڕا بگرە هەتاکو ژێرووترین ڕاددە) دەوڵەتی کوردستان. ئێمە دەتوانین و هیچمان لە نەتەوەکانی تر کەمتر نییە..

**سەربەستی:** ئایا کورد دەتوانێت بەو میکانیزمانەی کە باست کردن وەك گەلێکی ئازاد لە سەر خاك و زێدی باب و باپیرانی بژیت؟

■ بە دڵنیاییەوە دەڵێم بەڵێ

**سەربەستی: بۆ گەیشتن بە بە رەیەکی سەربەخۆی کوردستانی چ پێشنیارێکت هەیە؟**

■ دەبێ سەرجەم هێز و لایەنەکان بەرژەوەندی نیشتمانی بخەنە پێش بەرژەوەندی حزبی و تاکە کەسی.

**سەربەستی: ڕات چیە سە بارەت بە شەڕی پژاک دژ بە کۆماری ئیسلامی؟.**

■ نە پژاك و نە هیچ لایەنێکی دیکەی کوردی بە ویستی خۆیان پەنایان بۆ چەك نەبردوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوە داگیرکەرانی وڵاتەکەمانن کە کوردیان ناچار بە هەڵگرتنی چەك کردوە. ئێستاش ئەوە کۆماری داگیرکەری سێدارەی ئێرانە کە تەعەددای کردوە، پژاك لە نیشتمانی خۆیدا هێرشی کراوەتەسەر، بۆیە بە مافی ڕەوای پژاکی دەزانم بەهەر جۆرێکی گونجاو داکۆکی لە خۆیان بکەن.

**زۆر سپاس بۆ بەشدار بونتان**

# دو سەرکردەی ئەحوازی بۆ رۆژنامەی سەربەستی دەدۆێن

**ئامادەکردنی سەردار جەعفەری لەندەن.**



**هەر یەك لەبەرێزان، مەحمود بەشاری سەرۆکی بەرەی عەرەبی رزگاریخوازی ئەحوازی و مەحمود ئەحمەد ئەحوازی سەرۆکی بەرەی دیمۆکراتی نەتەوەیی گەلی عەرەبی ئەحواز، تایبەت بە رۆژنامەی سەربەستی دوان بە شێوەی خوارەوە.**

سەربەستی: **بەرێز مەحمود ئەحمەد ئەحوازی سەرۆکی بەرەی دیمۆکراتی نەتەوەیی گەلی عەرەبی ئەحواز وەک رۆژنامەی سەربەستی سوپاست دەکەین بۆ ئامادەییت لە وڵامدانەی چەند پرسیارێک.**

● ئێوەش بە خێربین و خۆشحاڵم

سەربەستی: **ئەم یەکێتییە وەک یەکێتی نەتەوەکانی بندەستی ئێران، لە کەیەوە دروست بووەو مەبەستەکانی چییەوە؟.**

● ئەمە چەندساڵە بەردەوام لەو بوارەوەوە لە پێوەندییدابووین، ماوەی نزیك بە٥ساڵ پێش لە شارەکانی تۆرەنتو و ئۆتاوا لە ناو پەرلەمانی کەنەدا وەك نەتەوەکانی بندەست کۆبووینەوە، و هەر لەوێش لەو جۆرە کۆبوونەوەو پێکەوە کارکردنەمان دروستکرد، بەڵام بەهۆی کێشەیەکەوە کە هاتە ناو کاروبارمانەوە، بەداخەوە ئەوە هەڵوەشایەوە، بۆیە دیسانەوە لە مانگی یەکەمی ئەمساڵی ٢٠١١ لە پاش نزیك بە ٣ ساڵ پێوەندی بەردەوام و بۆچوون گۆڕینەوە، دروستکردنی یەکێتی نەتەوەکانی بندەستمان ڕاگەیاند، کە ئیستا پێك هاتووە لە ٧ پارتی سیاسی نەتەوەکانی بندەستی غەیرە فارس، ئەمەش بەرهەمی کاری ٧ مانگی سەرەتامان بووە. دیسانەوە لە ٠٧/٢٩-٣١/٣٠ کۆنفرانسی دووەمان بەست و کە چەندین کاناڵ و ڕاگەیاندن و کەسایەتی لەو کۆنفرانسەمان بەشداربوون و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو. لە پرێس کۆفرانسی ڕۆژی **٣١/٧/٢٠١١** خەڵکانێکی زۆر لەو بوارەوە پرسیاریان هەبوو، کاناڵەکان وتووێژیان لەگەڵ بەشداربووان دەکرد.

سەربەستی: **لە ڕوانگەی بەرێزتانەوە ئەم یەکێتییە چۆن دەبینی، یاچی لێ چاوەڕێ دەکەی؟.**

● من پێم وایە ڕێکخراوێکی زۆر پێویست و لە جێ خۆیدایە بۆ نەتەوەکان، ئێمە هەموو نەتەوەکان پێویستمان بە یەکترە پێویستمان بە پێکەوە کارکردنی زیاترە. ڕاستە کە ئێمەش لە سەرەتاوە لەوانەیە وەك پێویست بەرچاو نەبین، بەڵام دڵنیام لەوەی کە لە ئایندەیەکی نزیکدا زیاتر دەچینەوە پێشەوە، هەم لە ئاستی ناوخۆ و هەم لە ئاستی جیهاندا. بەو شێوە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی و ڕێکخستنی نەتەوەکانمان زیاتر کار بکەین، ئاوا دەتوانین بە باشی جێبگرین. ئێمە پێویستە پێکەوە داوای مانگرتنی جەماوەری بکەین، لە بۆنە گرنگەکان پشتیوانی یەکتر بکەین. بۆ نموونە لەم حەفتەی پێشووەدا ساڵیادی ترۆری دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو بوو، ئەوە پێویست بوو هەمووومان تێیدا بەشدار بایەین، زۆر نموونەی دیکەش هەیە وەك ڕاپەرینە مێژووییەکەی ٢٠٠٥ ئەحواز و ساڵیادی داگیرکردنی ئەحواز و کوردستان.

سەربەستی: **بە بۆچوونی بەرێزتان کۆمەڵگای ئێران ڕۆشنبیران و سیاسییەکانی ئێران لە دروستبوونی ئەم بەرە چۆن بۆچوونێکیان هەبووە یا هەیە؟.**

● لە٧٥ ملۆێن و نیوەی کە وەك حەشیمەتی ئێران باسدەکرێت، ئێمە نەتەوەکانی بندەست نزیکەی٥٠ملۆینێکین لەو سەرژمێرییە، کەوابێت چی چاوەڕوانییەك بکەین لە نەتەوەی حاکم کە لەم نەتەوانە نییە. ئێمە لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونمانەوە ڕامانگەیاندووە کە ئێمە لەگەڵ هیچ لایەنێکی ئێران کۆنابینەوە کە دان بە مافی چارەی خۆنووسی گەلانی بندەستدا نەنێت. کەوابێت ئەوە خودی فارسەکان چوون دان بە مافی نەتەوەکان نانێن ناتوانن لەگەڵ فکری ئەم یەکێتیە نزیك ببنەوە. هەر لایەنێك کە دانە بە مافەکانی کورد و عەرەب و تورك و ئازەری و تورکمەنن بێنن دەتوانین لەگەڵیان نزیك بین، بێجگە لە فارسەکان زۆر لایەنی سیاسی سەرتاسەریش هەیە کە دان بەو مافانە ناهێنین.

ئیدی پێشوازی ئەوان لەم یەکێتییە مانایەکی نییە، گرنگ بۆ ئێمە ئەوە نەتەوەکانی خۆمان پێشوازیبکەن.

سەربەستی: **بە داخەوە دیتمان دۆستانی ئازەری بەشدارییان لە کۆنفرانسەکە نەکرد بۆ؟.**

● هەروەك ئاماژەم بەوە کرد کە پێشتر بە هۆی کێشەیەك لە کەنەدا ڕوویدا کارەکەمان سەرکەوتوو نەبوو، مەبەستم لەو کێشە هەر ئەوە بوو کە کێشەیەك لە نێوان هەڤاڵانی کورد و هەڤاڵانی ئازەری بوو. من پێموایە ئەمە دەستی داگیرکەرە کە هەوڵدەدات فیتنەیی بخاتە نێوانمان. بۆ نموونە لە هیندێك شۆێن و ناوچەکە کە هی کوردە یا هی ئازەرییە ڕێژیم پێچەوانەکەی دەڵێ بۆ ئەوەی کێشەکان زیاتر لە نێوان نەتەوەکان بمێنێت. بەو هیوایە ئەو کێشانە بە شێوەیەکی ئارام و زانستی چارەسەر بکرێن.

سەربەستی: **بۆچوونی بەرێزتان لە سەر ئەو دەستکەوتانەی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین چۆنە؟.**

● بەبۆچوونی من ئەوەی لە کوردستان دەبینێرت و ڕێگایان پێنادەن ڕایگەیەنن خۆی وەك حکومەتێکی تەواو سەربەخۆ دەبینرێت. بەڵام هەر ئەوەی کە وەك وڵاتێکی کۆنفیدراڵی کاروباری خۆیان دەبەن بەڕێوە دەستکەوتێکی مەزنە. بۆ من وەك عەرەبێك ئەو دەستکەوتەی هەرێمی کوردستان وەك هاوکارییەکی بە هێز بۆ خۆشمان دەزانم، بۆ نموونە هاوکاریکردنی کوردەکانی باشوری کوردستان بە کوردەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان هەروەك ئەوەیە کە هاوکاری ئێمەیان کردبێت، چۆن ئێمە پێکەوە یەکگرتووانە کار دەکەین. هەربۆیەش جێی خۆیەتی کە ئافەرین و دەستخۆشانە لە هاوکاری و پشتگیریکردنی هەرێمی کوردستان بە گشت کوردەکان بڵێم.

سەربەستی: **هەوڵ و پەیامی ئێوە لەو یەکێتیەدا بۆ بەندییە سیاسییەکان چییە.**

● ئێمە سەرەتا بە داخین لەوەی کە ئیستا ناتوانین کارێکی وا گرنگ بۆ بەندیە سیاسیەکان بکەین، بەڵام بەرنامەمان هەیە کە لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و هیندێك ڕێکخراوی دیکەی جیهانی هەوڵێکی گرنگیان بۆ بدەین. هیوادارم کە ئەم یەکێتیەی ئێمە ئەوەندە پەرە بسێنێت کە شانبەشانی ڕێکخراوە مەزنەکانی مافی مرۆڤی جیهانی لەو بوارەوە کار بکات، ئەڵبەت نەك لەگەڵ هینێدێك ڕێکخراوی بە ناو مافی مرۆڤی ئێرانی کە زۆربەیان لەو کەسە نەژادپەرستانە دروستبوون، کە خەمخۆری نەتەوەیی دیکە نین. بە هەرحاڵ هیوادارم کە ئێمە بتوانین لە ئاست ناوخۆ و دەرەوە کارێك بۆ بەندییەکانمان بکەین و پێویستە بە جدی ئەو مەسەلەیە لە بەرچاو بگرین.

سەربەستی: **ئایا مەبەستی ئەم یەکێیەتییە دروستکردنی لابێکی بە هێز نییە لە نێۆ ئورووپا؟**

● ئەڵبەتە ئەمە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانمانە کە بتوانین لە ڕێگەی پێوەندییەکانمان بە حیزب ولایەن و کەسایەتییە ئورووپییەکان و ئەمریکی وئاسیاییەکان. بتوانین لۆبێکی باش دروستبکەین، هەروەك ئاگاداری کە هاوڕێمان کاك باوەجانی ٢ڕۆژ پێش لەگەڵ لیبراڵەکانی جیهان کۆبووەوە، من بۆ خۆم پێش کۆنگرەکە لەگەڵ سەنای پیرەکانی بەریتانیا کۆبوومەوە، کەوابێت لە ڕێگەی دۆستەکانمان دەتوانین هەوڵبدەین بۆ دروستکردنی لابی چالاك بۆ دوارۆژمان. لەبەرامبەر لۆبی نژادەپەرستانەی فارسەکان لە ئەمریکاوە.

سەربەستی: **ئایا هۆکاری چییە کە فارسەکان دەیانەوێ هەمیشە ئەم نەتەوانە بندەستی ئەوان بمێننەوە؟.**

● هۆکارەکەی ڕوونە کە ئەمە ئیمپراتۆری کۆنی فارسە، کە بەبۆچوونی ئێمە ئەم ئیمپراتۆرییە لە مێژە وەك شەپۆلی دەریا ڕۆشتووە و ناگەڕێتەوە. بەڵام ئەم فەرهەنگە لە مێژساڵە لە زهنیەتی ئەواندا هەر ماوە و بە بۆچوونی من زیانیشیان پێدەگەیەنێت.بە پێێ ئاشنایی ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە بیکردنەوەی فارسەکان وایکردوە بگرە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیش نەیانتوانیوە سەرکەوتووبن. ئەم نژادپەرستییە وای لێکردون کە خۆیان لێون بووە، بگرە نەك هەر لەگەڵ نەتەوەکانی بندەستی ئێران، بگرە خۆشیان لە زۆر نەتەوەی دیکەی جیهانی بە گەورەتر و پر فەرهەنگتر دەزانن. بەڵام کردەوەیان هیچی وا نیشانی جیهان نادات. بە نەزەری من بەمجۆرە بیرکردنەوەیان زۆر بە ئاسانی ڕۆژگارێك دێت کە بە ئاسانی مەیدانەکە چۆڵ بکەن.

## وتووێژی رۆژنامەی سەربەستی لەگەڵ بەرێز مەحمود بەشاری سەرۆکی بەرەی عەرەبی ڕزگاریخوازی ئەحوازی.

سەربەستی: **بەرێز مەحمود بەشاری ئایا ئامانجی سەرەکی دروستبوونی ئەم یەکێتییەی نێوان نەتەوەکانی بندەست چییە؟**

● ئەم یەکێتیە بەلای منەوە وەك بۆچوونی شەخسیم ئەمە هەم نۆیەو هەم کۆنە، ئێمە وەك بەرەی عەرەبی ڕزگاریخوازی ئەحواز پێوەندییەکی مێژوویمان لەگەل خەباتکارانی کورد و نەتەوەکانی بندەست هەبووە، بیروباوەری زۆرمان بە هاوکاری نەتەوەکانی بندەست هەیە، واتە نەتەوەکانی غەیرە فارس، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتداران دان بە بوونمان نانێن. پێناسەکانمان پێناسەی کوردی وعەرەبی بەلوچی وئازەری و تورکمەنییە، نەك فارسی. ئامانجی سەرەکیش لە یەکمان نزیکدەکاتەوە و پێکەوە دەتوانین کاری هاوبەش لە چەند نوقتەی هاوبەش کاری لە سەر بکەین.

سەربەستی: **شێوەی کارکردن لەم بەرە چۆنە.**

● ئێمە ساڵانە کۆنگرەمان هەیە، لەو کۆنگرەدا گۆرانکاری تەواو دەکەین و بەرپرسایەتییەکە بە نۆرە دەدرێت بە نەتەوەکانی دیکە. لەم یەکێتییەدا چەندین پارتی سیاسی لە لایەن نەتەوەکانی بندەستدا بەشدارن، لەم یەکێتییەدا بەرپرسایەتی دەورە دەورە بە نەتەوەکانی بندەست دەدرێت. بۆ نموونە دەورەی یەکەم بەرپرسایەتییەکە درا بە ئێمەی ئەحوازی، ئێمەش لە نێۆخۆماندا ئەو پۆستەمان دا بە کەسێکی جێگەی پەسەندی خۆمان. دەورەی دووەمی کە نۆرەی کوردەکان بوو لەم کۆنفرانسەی لەندەن درا بە کوردەکان کە ئەوانیش وەك ٣ پارتی بەشدار کەسێکیان هەڵبژارد و پۆستەکەیان پێسپارد. بە خۆشییەوە پێکەوە کاردن و لە یەك تێگەیشتنی تەواو لە نێوانمان وەك نەتەوەکانی بندەست و غەیرە فارس هەیە بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانمان و بە دژی داگیرکەر.

سەربەستی: **پەیامی بەرێزتان بۆ ئەم یەکێتیە و خەڵکی نەتەوەکان چییە؟.**

● پەیامی من ئەوەیە بۆ گەلەکەم و گەلانی دیکەی بندەست، کە گۆڕەپانەکە چۆڵنەکەن بۆ داگیرکەر، وریابن کە داگیرکەر بە کاریان نەهێنی وەك وەسیلەیەك بە دژی یەکتر، واتە بەرامبەر گەلی دیکەی دراوسێیان. ئەگەر بۆ نموونە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربرین لە ئەحواز بوو من هیوادارم لە کوردستان وبەلوچستان وئازەربایجان پشتیوانی لێبکرێت، وە ئەگەر لە کوردستان بوو بەو شێوە لە ئەحواز و شۆێنەکانی دیکە پشتیوانی لێ بکرێت. ئەگەر یەکێتی لە نێوانمان بە هێز بێت داگیرکەر ناتوانێ یاری خۆی لە گۆڕەپانەکە بکات.

سەربەستی: **داواکاری یەکێتی نەتەوەکانی بندەست لە کۆمەڵگای جیهانی چییە؟**

● داواکاری یەکێتی بێگومان ئەوەیە، کە پشتیوانی ئەم نەتەوانە بکەن، بۆ وەدیهێنانی مافە ڕوکانیان، بۆ نەمانی ئەم ڕێژمە داگیرکەرە. پێویستە گۆیمان لێبگرن و بەدەنگ بانگەوازەکانمانەوە بێن.

سەربەستی: **بەرنامەی ئەم بەرە چییە بۆ بەندیە سیاسییەکانی ئەو نەتەوە بندەستانە لە ئێران.**

● من هیوادارم کە ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهانی زەختی زیاتر بخەنە سەر ئەم ڕێژیمەو شاندی خۆیان بنیرن بۆ سەردانی گشت بەندییە سیاسییەکان و لە نزیکەوە بیانبینن، کە چۆن هەڵس وکەوتیان لەگەڵ دەکرێت. چۆن شکنجە دەدرێن، چۆن دەرمانخوارد دەکرین. با ڕێکخراوەکانی جیهانی داوابکەن کە بەندیەکان پارێزەریان هەبێت وبتوانن بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن، وەك ئەوەی کە لە هەموو جیهاندا هەیە.

سەربەستی: **بەرێزتان پێوەندی نێوان عەرەبەکانی بندەستی ئێران وکوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

● پێوەندی گەلی عەرەبی ئەحواز و گەلی کورد پێوەندییەکی قووڵ و بە هێزە هەر لە ساڵی **١٩٧٩** تا ئیستا من و حیزبی من بەردەوام پێوەندیمان لەگەڵ کورد خۆش بووە، من چەندە پشتیوانی لە مافی ئەحوازییەك دەکەم هەرواش پشتیوانی لە مافی کوردێك دەکەم.

سەربەستی: **هەروەک دەبینی کە باشوری کوردستان لە نێوان ٤ دەوڵەتی داگیرکەر لە ژێر ناوی هەرێمی کوردستان کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن، بۆچوونی جەنابت لە و بوارەوە چییە؟. یا ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو دەزانی؟**

● هیوادارم کە ئەم ئەزموونەی برایانی باشوری کوردستان بگاتە بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها هیواخوازین کە گشت نەتەوەکانی دیکەش بەو مافە بگەن، ئەزموونەکانی هەریمی کوردستان ئەزموونێکی زۆر باش و سەرکەوتووە، هەر ئەوەی کە بووەتەماڵێك بۆ گشت کوردەکان.

سەربەستی: **پێوەندیی یەکێتی نەتەوەکان لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆی ناوخۆ تا ئیستا لە چ ئاستێك بووە؟**

● ئەگەر مەبەستت مامۆستای زانکۆکانی ئێرانە و فارسە ئەوە نا، بەس ئەگەر مەبەستت ئەو مامۆستایانەیە کە کورد و عەرەب ونەتەوەی دیکەن، ئەوا بێگومان ئەوانیش ئەرکی سەرشانیانە هاوکاریمان بکەن و بۆ ڕزگاری هەموو چین وتۆێژەکانی ئەو کۆمەڵگای هەمووومان. با ئێمە لە ژێر چنگی ناشیونالست و داگیرکەر چ شاهەنشایی بێت یا کۆماری یا ئیسلامی.

سەربەستی: **ئایا ئەم گۆرانگارییانەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دەرکردوە چۆن دەبینی؟.**

● من پێم خۆشە هەموو نەتەوەی عەرەب لە ژێر چنگی داگیرکەر نەجاتیان بێت، هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە بە ئازادی خۆی بگات. و ئەوەش دەسەڵاتدارە پێویستە بیربکاتەوە کە ڕۆژێك بەو شێوە لە سەر دەسەڵات لایدەبەن.

بەرێز مەحمود بەشاری زۆر سوپاس بۆ بەشداریتان

منیش زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم و ڕێزی تایبەتیم بۆ گەلی قارەمانی کورد هەیە.

کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ کۆبوونەوەی وەرزانەی خۆی بەست.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی **٢٠١١/٠٨/٠٦**، کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ لە دەوری یەك کۆبوونەوە. سەرەتا بەرێز خوسرەو قادری بەرپرسی دەورەیی کۆمیتەی هاوبەش راپۆرتێکی لە سەر کاروچالاکییەکانی کۆمیتە لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوو دا پێشکەش بە ئەندامانی بەشدار کرد. دواتر تەوەرەکانی کۆبوونەوە باسکران و هەر یەك لە بەشداران بە راوبۆچوونی خۆیان باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و بڕیار و پێشنیارەکانیان بۆ ٢ مانگی داهاتوو پەسەند کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە دا باسێك لە کردەوە تێرۆریستێکەی نۆرویژ و هەروەها هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە مانگی داهاتوو لە نۆرویژ کرا و هەموو لایەك لە سەر ئەوە سوور بوون کە هەوڵبدرێ کە کوردەکانی دانیشتوویی نۆرویژ زیاتر بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن تا بتوانن لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرە کوردەکان، دەنگی کورد زیاتر بە گوێی دەسەڵاتدارانی نۆرویژ بگەیەنن. پێویستە بە ئاماژەکردنە کە کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ پێکهاتووە لەم حیزبانە:

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان، و پارتی سەربەستیی کوردستان.

**زەنجیرە دیدارە ڕۆژنامەیی و گۆڤاری و تەلەفزۆینی و ڕادیۆیی**
**بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

# بەشداری عارف باوەجانی وەک سەرۆکی پسک و وتەبێژی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرنامەی ڕاوێژی نەورۆز تیڤی.




**ڕۆژی 2011/7/24 لە بەرنامەی ڕاوێژ کە تەرخانکرابوو بۆ وەرگرتنی بۆ چوونی چەندین بەرپرسی باڵای لایەنە سیاسیەکان و ڕۆژنامەنووس و کەسایەتیەکان، لە پێوەندی بە هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان. یەکێك لەو کەسایەتیانە بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان و وتەبێژی گشتی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.**

**بەڕێز باوەجانی لە سەر ئەم خاڵانە باسیکرد.**



■ سەرەتا لە سەر مەبەستەکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، وەك تێکدانی ژیانی ئابوری و کشت وکاڵی خەڵك لە سەر کۆیستان و چیاکانی کوردستان.
باشترین نوونەش تۆپبارانکردنی گوندەکان و شۆینی کشت وکاڵ و ژیانی خەڵك، نەك ئەو شۆێنەی کە خۆی وەك بەهانە باسیان لێوەدەکات کە گوایا تۆپبارانی هێزەکانی پژاك و پێکاکا دەکات.

■ هەڵویستی هاوپەیمانی سەربەخۆخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەك پارتی سەربەستیی کوردستان، کۆمەڵە: پارتی سوسیالدیمۆکراتی کوردستان و پارتی لیبراڵدیمۆکراتی کوردستان.
لە پێوەندی بە هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان.

■ باسێك لەسەر شێوەی پێوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێێ، کە ئاماژەی بەوە کرد هەموو جۆرە پێوەندییەکی کۆماری ئیسلامی ئێران چ لە ئاست سیاسی، ئابوری، دیپلوماتی هەموو لە چوارچێوەی کاری سیخوریدایە. هەموو پێوەندییەکانی بۆ تێکدانی بواری ئاسایشی و ئابوری وڵاتانە و دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە.

■ بایکوتی کەل و پەلی ئێرانی بۆ بازارەکانی کوردستان و هەڵویستی شەفافی کوردستانیان لە بەرامبەر فرتو فێڵێ ئێران.

٥. باسکردن لە سەر قەتکردنی ئاوی ئەڵوەن، کە ئەمە لە هەموو بوارێکەوە نایاساییەوە، شێوەیەکە لە جینوسایدکردنی خەڵك. ئەو خاڵانەی سەرەوە بە درێژی و بە هێنانەوەی بەڵگەی پێویست لە لایەن بەڕێزیانەوە باسی لێوەکرا.

**٢ی گەلاوێژی ٢٧١١ ی کوردی. ٢٤,٧,٢٠١١ زاینی.**

**ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان**

## وتوویژی ڕۆژنامەی متمانە لەگەڵ بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان



**□ پارتی سەربەستیی کوردستان کەی دامەزراوە و ئامانجی چییە؟**

■ پارتی سەربەستیی کوردستان لە٢٨ی ڕێبەندانی **٢٧٠٥** ی کوردی و لە **٢٠٠٦/٢/١٧** ی زاینی دامەزراوە. ئامانجی سەرەکی خەباتە بۆ کوردستانێکی دیمۆکرات و سەربەخۆ. پارتی سەربەستیی کوردستان پارتێکی لیبراڵدیمۆکراتە، پارتێکی گەنجانەیە ولە کۆمەڵێك گەنجی نەتەوەیی سەربەخۆخواز پێکهاتووە.

**□ ڕۆڵی پارتەکەتان لە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیانی کوردستان؟**

■ ڕۆڵیێ ئێمە لە نێو خەڵکدا بۆ دۆزینەوەی کەسایەتی سەربەخۆیی خۆیانە، بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە تەنیا ڕێگەی چارەسەری، سەربەخۆیی یەکجاری گەلەکەمانە لە ژێر ستەمی داگیرکەران. بۆ ئەوەی لە خۆمانەوە ئەو باوەرە دروستبکەین تا بتوانین کاریگەریشمان لەسەر وڵاتانی دەرەکی هەبێت بۆ ئەوەی پشتیوانیمان بکەن.

**□ تاچەندە پەیوەندیتان لەگەڵ پارتە جیهانیەکاندا هەیە؟**

■ لەگەڵ زۆر پارت ولایەنی جیهانی پێوەندی باشمان هەیە، بە تایەبت لیبراڵەکان. لە تەواوی پێوەندییەکان ئێمە داوای پشتگیری ئەوانمان کردوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، نەك تەنیا بۆ ناساندنی پارتەکەمان.

**□ پێتان وانیە دانیشتن بکەن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئیراندا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێك لە چوارچێوەی کورماری ئیسلامیدا بژین؟**

■ چۆن دانیشتنێك و چۆن ڕێکەوتنێك، ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەو شێوە سیستەمەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نین، ئەوانیش هەرگیز نایانەوە لە سیستەمی ولایەتی فەقی بێنە دەرەوە، ئیتر دانیشتن بۆ هیچ لایەك دروست نییەو مانایەکی نییەو ناتوانێك تەواوکەری یەکتر بێت. ئێمە خاکمان داگیرکراوە، دەبێت داگیرکەر بچێتە دەرەوە لە سەر خاکەکەمان، ئەزموونەکانی زیاد لە **٣١** ساڵ تەمەن و دەسەڵاتداریێتی ئەم ڕێژیمە بۆ دانیشتن و دیالۆگ سەلماندویێتی کە ئەوان خۆازیاری دیالۆگ نین.
دەبێت ئێمەش وەك گەلی باشوری سۆدان داوای ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەری بکەین، کە دەنگ بە سەربەخۆیی بدەین وخۆمان لە ژێر چنگی ئەم داگیرکەرانە، کە دەستیان بە سەر سەروەت و سامان و زێد و نیشتیمانی ئێمە گرتووە دوور خەینەوە.

**□ هیچ جۆرە پەیوەندیەکی دانیشتنتان هەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بۆ ئەوەی گرفتەکانتان چارەسەر بکەن؟**

■ نەخەیر ئەسڵەن نەبووە و ناشبێت، نەك هەر ڕێژیم بگرە هیچ لایەنێکی ناو ئێرانیش، یا هیچ لایەنێکی سەرتاسەری ئێرانی کە دان بە مافی چارەی خۆونیسی کوردا نەنێت ئێمە پێوەندیمان لەگەڵیان نیە ناشبێت.

**□ تاچەندە پەیوەندیتان بە پارتە کوردستانییەکانی ترەوە هەیە بۆ ئەوەی کاری باشتر بکەن؟**

■ ئێمە هەوڵمانداوە لەگەڵ هەموو پارتەکانی کوردستانی پێوەندی باش و سالمان هەبێت، هیندێك بە باشی پێشوازیمان لێدەکەن و هیندێکیش لە بەر نەریتی خۆ بە زلزانی ناو حیزبەکەیان و بە چاوی کەم سەیرکردنی لایەنی تازە دروستکراو وەك پێویست نەهاتوونەتە پێشەوە. بەڵام ئەگەر ٢ فارس لە ئورووپاو ئەمریکا داوای دیداریان لێبکەن بە هەزاران دولار خەرج دەکەن بۆ دیتنیان، و لە میدیاکانی خۆشیان دەیانکەن بە قارەمانی مەیدان، بەس بۆ لایەنە کوردیەکان بەو شێویە هەڵس و کەوت دەکەن. هیوادارم ئەوانیش گۆرانکاری لە خۆیان دروستبکەن و هەر کورد دەتوانێ پشتیوانی ڕاستەقینەی یەکتر بێت.

**□ ئەم قۆناغەی ئیستا کە پارتەکانی ڕۆژهەلاتی تێکەوتووە تاچەندە لەگەڵ بەرژەوەندی کوردا دەگونجێت؟**

■ دەکرێت بلێم بە داخەوە لەگەڵ هیچ بەرژەوەندییەکی کوردا ناگونجێت، بەرژەوەندی کورد لەوەدایە کە بەرەیەك یا شێوە نزیکبوونەوەیەك لە نێو لایەنەکان هەبێت، تا بە یەکدەنگی و یەکوتاری لەگەڵ داگیرکەران لە سیاسەتدا بن، نەك هەر یەکەو بە کەیف و سیاسەتی خۆی بی پێویت.

**□ کورد پێویستە چی بکات لە ئێستادا لە هەرچوار پارچەکە بۆ ئەوەی وەك باشوری سۆدان سەربەخۆی وەربگرێت؟**

■ بە بۆچوونی من لە هەنگاوی دەبێت شێوەی خەباتیان لە فکری فیدراڵیەوە بگۆرن بۆ ویستی سەربەخۆیی، پێویستە واز لە دروستکردنی ئێراق و ئێران و تورکیاو سورییایەکی فیدراڵ و دیمۆکرات بێنن.کەربەلا و نەجەف و قووم و شام و ئەنقەرە بە ئێمە ناگۆڕین و نابنە دیمۆکرات و لە قسەشمان ناکەن. باشترە بیر لە ئاوەدانی ماڵی خۆمان بکەینەوە. من لە کاتی سەربەخۆیی باشوری سودان زۆر بە وردی چاودێریم کرد، ویستم بزانم لایەنە کوردییەکان چۆن پێشوازی لێدەکەن. زۆر خۆشحاڵ بووم کە سەرۆکی هەرێم و سەرۆك وەزیرانی کوردستان پیرۆزباییان لێکردن. بە تایبەت جەنابی کاك مەسعود بارزانی لە دێرێکدا دەڵێ: ڕاستی ئەو ئەزموونەی ئێوە ئەزموونێکی زیندووە و سەلماندی کە هەر میللەتێك ئیرادەی سەربەخۆبوونی هەبێ هەر دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان بگاتە ئەو ئامانجە. بەو دێرە دیارە کە جەنابی سەرۆك چەندە بە پەرۆشە بۆ سەربەخۆیی وڵات، و هەمیشە چاوەڕێی لە توانایی دەکەم و بەو هیوایە لەم نزیکانە باشوری کوردستانی ئێمەش بە هیمەتی جەنابیان و پشتگیری هەموو لایەك سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیەنێت.
هەروەها بەریز دوکتۆر بەرهەم لە بروسکەی پیرۆزباییەك دەڵێت: خەباتی بێووچانی خەڵکی باشووری سودان دژی چەوسانەوەو جینۆسایدو تێکۆشانی بەردەوامی ئێوە بۆ بەرقەرارکردنی ئازادی و سەربەخۆیی، دەرسێکی گەورەیە بۆ هەموو لایەك، کەمافی خەڵك لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، لەژێر هیچ هێزو گوشارو بەهانەیەك زەوت ناکرێت. ئەمە ئیدی دیارە کە سەربەخۆیی بۆ کوردستان کاتی هاتووە، تەنیا ماوەتە هەنگاوی بۆ بنێین نەك چاوەڕێی قەزاو قەدەری گۆڕانێکی دیکە بین.

**□ ئایا ئیوە دەتوانن رزگاری بۆ گەلی کورد بهێن لە ڕۆژهەلات؟**

■ چەپڵە بە دەستێك لێنادرێت، نە ئێمە و نەهیچ حیزبێکی دیکە بە تەنیا ناتوانێت ڕزگاری بۆ گەلەکەی بە دەست بێنێت. دەبێت هەموومان دەست لە ناو دەست و بە یەکمەبەست بتوانین گەلەکەمان لە ژێر ستەمی داگیرکەر ڕزگار بکەین. ئەوەی ئێمە پێوە سەرقاڵین دروستکردنی هزری نەتەوەیی و سەربەخۆیخوازییە لە ناو کۆمەڵگاکەمان.

**□ داوای ئێوە لە دەسەلاتی ئیران چییە؟**

■ داوای ئێمە ئەوەیە کە وڵاتەکەمان بەجێبیلن، چیدیکە سەروەت و سامان و ئازادی ئێمە بە تالان نەبەن. با ئەوانیش وەك سەرۆکی سۆدان عومەر بەشیر ئاشتیانە دان بەو ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بێنن، با چیدیکە خۆین لە نێوانمان نەڕژێت، مال و سەروەتی کورد کە سەدان ساڵە دەیبەن بەوان حەلال نییە.

**□ پێتان وانییە لە چوار چێوەی ئیراندا کاربکەن باشتر نیە بۆ ئێوە بۆ ئەوەی کورد لە ئێراندا دەسەلات بگرێتە دەست؟**

■ کەسێك خاك و نیشتیمان داگیر بکات بۆ لەگەڵی بژیم و بۆی حەلال بکەم، نەخەیر بە بۆچوونی من مانەوە لەگەڵ ئێران قەبووڵکردنە بۆ مانەوە لە ژێر ستەمی داگیرکەر. با چیدیکە بەو جۆرە بیرکردنەوە لە بندەستی داگیرکەران نەمێنینەوە و بیرێك لە ڕزگاری خۆمان بکەینەوە.

**کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ کۆبوونەوەی وەرزانەی خۆی بەست.**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١١/٠٨/٠٦، کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ لە دەوری یەك کۆبوونەوە. سەرەتا بەرێز خوسرەو قادری بەرپرسی دەورەیی کۆمیتەی هاوبەش ڕاپۆرتێکی لە سەر کاروچالاکییەکانی کۆمیتە لە ماوەی ٣ مانگی ڕابردوو دا پێشکەش بە ئەندامانی بەشدار کرد. دواتر تەوەرەکانی کۆبوونەوە باسکران و هەر یەك لە بەشداران بە ڕاوبۆچوونی خۆیان باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد و بڕیار و پێشنیارەکانیان بۆ ٢ مانگی داهاتوو پەسەند کرد.
لە بەشیکی دیکەی کۆبوونەوەکە دا باسێك لە کردەوە تێرۆریستیکەی نۆرویژ و هەروەها هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە مانگی داهاتوو لە نۆرویژ کرا و هەموو لایەك لە سەر ئەوە سوور بوون کە هەوڵبدرێ کە کوردەکانی دانیشتوویی نۆرویژ زیاتر بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن تا بتوانن لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرە کوردەکان، دەنگی کورد زیاتر بە گوێی دەسەڵاتدارانی نۆرویژ بگەیەنن. پێویستە بە ئاماژەکردنە کە کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ پێکهاتووە لەم حیزبانە:
حیزبی دیمۆکراتی کوردستان. کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێری کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان، و پارتی سەربەستیی کوردستان.

**کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ**
**٧ی ئاگوستی ٢٠١١ ، ئۆسلۆ**

## وتووێژی ڕۆژنامەی متمانە لەگەڵ بەڕێز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان

# ناتەبایی کوردەکان ڕێگرە لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی.

# تورکیا کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا بۆ ئەوەی ریگر بیت لە سەربەخۆیی کوردستان

## ململانێ

**□ ئایا هەڵوێستی ئەمەریکا چۆنە لەبارەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟**

■ من لەو بڕوادام کە ئەگەر دیپلوماتیەتی کوردی بە یەکدەنگی و کۆدەنگی بتوانێ لەگەڵ ئەمریکا لە گوفتوگۆدا بێت، دەتوانێت ئەو وڵاتە بەو قەناعەتە بێنێت کە سەربەخۆیی کورد هیچ زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان ناگەیەنێت. دەتوانێ بەو قەناعەتەیان بێنێت کە سەربەخۆیی کوردستان زیاتر بەرژەوەندی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی ناقین بەهێز دەکات. کورد بەیەکگرتووی دەتوانی پشتیوانی ئەمریکاو زۆربەی زلهێزەکانی جیهانی بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاکێشێت. ئیستا لەم سەردەمەدا دیپلوماتیەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە سەرەوەی هەموویان تورکیا، وەك وڵاتێکی ناتۆ کاریگەری لە سەر سیاسەتی ئەمریکا هەبووە، کە بۆ ئەوەی ڕێگری لە سەربەخۆبوونی کوردستان بکات. بیروەرییەکانی جیمس بیکر وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بە ڕوونی باس لە شەری هێزە هاوپەیمانەکان و ئێراق دەکات، لەساڵی **١٩٩١** کە چۆن لە هەوڵی ڕازیکردنی تورکیا بوون بۆ ئەو شەرە، لە هەمان کاتدا چۆن تورکیا داوای ئەوەی لە ئەمریکا کردەوە کە نابێت کوردەکان هیچ دەسکەوتێکیان لە پاش تێکچوونی حکومەتی ئێراق هەبێت. ئیستا بە خۆشییەوە کە کوردەکان زۆر لە پێشەوەن و تورکیاش بە ویستی خۆی بووبێت یا بە زەختی کورد وجیهان زۆر گۆڕاوە. کەوابێت زەمینە زیاتر ڕەخساوە بۆ بە هێزکردنی دیپلوماتیەتی کورد لەگەڵ ئەمریکا. زەمینەی سەربەخۆیی کوردستان زۆر نزیکبووەتەوە، پێویستە بەرژەوەندی ئەمریکاش بە ڕوونی پێشانبدرێت، بۆ نموونە ئەمریکا لە بەشی عەرەبنشینی ئێراق تا ئیستا **٤٠٠٠** کوژراوی داوە، بەڵام لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هەریمی کوردستان تا ئیستا یەك کەسی نەکوژراوە. ئەمە نیشانەی پاراستنی دۆستایەتی کوردە لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی.

**□ هەڵوێستی ئێران و عێراق چۆنە بەرامبەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟**

■ هەڵویستی ئەوان ڕوون ئاشکرایە کە وەك ٢ دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان حەز بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ناکەن، چوون ئەوان بەشی زۆری داهاتی ئابوریان لە سەر کوردستانە. ئەگەر کوردستان خاوەنی ئابورییەکی باش نەبایە بێگومان خۆیان پاڵیان پێوە دەنا‌ین بۆ ئەوەی لێیان دوور کەوینەوە. هەر ئەوەتە دەبینین بە پێشچاوی هەموو عالەمەوە ئێران بە ناحەقی تۆپبارانی کوردستان دەکات، تەنیا بۆ ئەوەی ئەم ناوچە نیمچە سەربەخۆیی کوردستانە بە ناوچەیەکی مەترسیدار پێشانبدات.

**□ هەڵوێستی بزوتنەوەی گۆران و ئۆپۆزسیۆن چۆنە لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی بە رای جەنابتان؟**

■ بزووتنەوەی گۆران لە ساڵی **٢٠٠٩** بە ئاشکرا دەستبەکار بوون، لەو کاتەوە زیاتر کارەکانیان وەك ئوپوزوسینی ناوخۆیی بووە، هیچ پروتوکۆڵ و پرۆژەیەکیان لە مەر سەربەخۆیی کورد نەداوەتە دەرەوە تا بتوانین هەڵسەنگاندنی لە سەر بکەین. من پێم وایە ئوپوزوسیون لە هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستان کە وڵاتەکەمان داگیرکراوە، هەر کاری ئەوە نەبێت بۆ ئەوەی چاودێری حیزبەکانی حاکم بێت لە دەسەڵات، دەبوایە بەشی زۆری کاریان بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی جیهانی بایە بۆ سەرەبخۆیی کوردستان و ناوچە دابراوەکانیش بێت، بە بۆچوونی من ئەو جۆرە ئوپوزوسیونانە دەتوانێ شانازی گرنگ لە مێژووی خۆی تۆمار بکات. بە بۆچوونی من پێویستە هەموو حیزبەکانی کوردستانی هانی ملۆینان کورد بدەن برژێنە سەر شەقامەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە هەزاران کورد لە تاراوگە هانبدەن کە لە ژنێڤ و بروکسل ونیورك خۆپێشاندانی ئارام بکەن و داوای سەربەخۆیی کوردستان بەرز کەنەوە، داوا لە یوئین و یەکێتی ئوروپا بکەن پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن. نەك جەماوەر بێنە سەر شەرقام بو شتێکی زۆر ئاسایی کە چارەسەرەکەی زۆر لەوە ئاسانترە.

**□ ئایا ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان نەبوونە هۆکارێك کورد چەند هەنگاوێك دوابکەوێت لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟**

■ هەر لە مانگی یەکی ئەمساڵ واتە سالی **٢٠١١** من لە سەرچاوەیەکەوە هەواڵی ئەوەم بیست کە بە جوامێری و لێهاتوویی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی و بەشێك لە پارتەکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێك هەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئەڵبەت بە پشتیوانی هیندێك ڕێکخراوی جیهانی دۆستی کورد. نموونەکەشی بانگهێشتکردنی جەنابی سەرۆك بوو بۆ ئیتالیا و پێبەخشینی خەڵاتی ناتۆ. ئەوەی لە ناوەرۆکی ئەو خەڵات باش تێگەیشتبێت کە ئەوە خەڵاتێکی ئەدەبی هونەری نەبوو، بگرە خەڵاتێکی سیاسی بوو، مزگێنی زیاتری بە شۆێنەوە بوو،کە ئیستاش ئەو هیواو هۆمێدە نەبراوە. بەڵام ئەوەی جێگەی داخ بوو کە لەو کاتەدا خۆپێشاندان لە کوردستان سەریهەڵدا، کە نەدەبوو کورد لە خۆرا لاسایی وڵاتانێك بکاتەوە کە دەیانساڵە لە بووارەکانی ئابوری و سیاسی و مافی مرۆڤدا دەچەوسێنەوە. من ئەو کارەی کە ئوپوزوسیون لە کاتە ناسکەدا هاندەری جەماوەر بوو بۆ خۆپێشاندانم پێباش نەبوو، پێویستە زروفی کوردستان لە بەرچاو بگیریت، ئێمە وڵاتێکی سەربەخۆ نین، خاوەنی دەیانکێشەین و زۆر پلان وگەلەکۆمەی وڵاتانی دراوسێمان لە سەرە. نابێت خۆمان بە ئاسانی ماڵی خۆمان تێکبدەین و بەهانە بدەین بە دەستداگیرکەرەوە، بۆ ئەوەی خۆیان بخزێنە نێو کوردستانەوە و ئاژاوە بخەنە نێو یەکریزی گەلەوە.

**□ هەڵوێستی حزبە ئیسلامیەکان چۆنە لەسەر دروست بوونی دەوڵەتی کوردی؟**

■ بەداخەوە هیچ هەڵوێستێکمان لێیان نەدیوە، حیزبە ئیسلامی و کۆمۆنیست و عیلمانییەکانی جیهان و دراوسێکانی ئێمە ئەو پەری هاندەری خەلکیانن بۆ سەرووەری وڵاتەکەیان، بەس ئەوانەی ئێمە پێچەوانەکەی هەڵسوکوت دەکەن.

**□ ئایا ڕێزنەگرتن لە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و هەڵناستانەوە لەبەری لەلایەن سەرۆکی یەکێك لەو حزبانەوە جێگەی پرسیارو هەڵوەستە لەسەر کردن نیە؟**

■ ئەوە هەر کوردستان نییە کە ڕێکخراوی ئاینی هەبێت، زۆربەی وڵاتە ئوروپییەکان خاوەنی حیزبی مەسیحی و هیدیکەن. بەڵام هەموو ئەو لایەنانە سەروەری نیشتیمانی خۆیان دەپارێزن. من پێموایە هەر لایەنێکی ئاینی یا غەیرە ئاینی کوردی ڕێز لە سرودی نیشتیمانی و ئاڵا و پیرۆزییەکانی وڵاتەکەی نەگرێت و خۆی بە کوردوکوردستانی نەزانێت، ئەوا ناتوانێت وەك لایەنێکی کوردستانی خۆی پێناسە بکات. ئەگەر لایەنێك دەیەوێ خزمەت بە نیشتیمانی داگیرکراوی بکات با هیندە کۆسپی نەتەوەیی نەنێتەوە. ئەو سرودە سرودی حیزبی نییە سرودی وڵاتە، و ئیستا لە کوردستان و لە پەرلەمان شەرعیەتی پێدراوە. پێویستە هەموومان وەك سرودی نەتەوەیی ڕێزی لێبگرین، هەرکات پەرلەمان بریاری گۆڕینی دا ئەو کات دەتوانرێت بگۆردرێت. ئیدی پێویست ناکات لایەنێك پێچەوانەی هەموو کوردستان لە سەر ئەو سرودە بریار بدات، هەر لایەنێك ئازادە کە ئەو سرودە لە ناو حیزبی خۆی بەکار نەهێنێت، بەڵام لە شۆێن و بۆنە گشتییە کوردیەکان پێویستە ڕیزی لێ بگیرێت.

**□ کێن ئەوانەی بە درێژایی مێژوو ڕێگربوون لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟**

■ من وەکو تاك ناو ناهێنم، بەڵام پێموایە بێ ئیرادەیە لە سیاسەتکردنمان، بێباوەری بەخۆمان و وەك نەتەوەییەك کە قابیلی دەوڵەتبین، خوخۆری ونەبوونی یەکێتی وتەبایی . ئەمانە هۆکارن کە تا ئیستا نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

**□ دەوترێت پارتی و یەکێتی زۆر زەرەر دەکەن لەمەسەلەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی, رات چیە بەرامبەر ئەم بۆچوونە؟**

■ من هەرگیز لەو باوەردا نیم کە بەسەربەخۆیی کوردستان هیچ حیزبێکی کوردستانی زیان و زەرەری پێبگات، بگرە پێچەوانەکەیە. هەرگیز شتی واش نە لە پارتی و نە لە یەکێتی نەبیسراوەو دڵنیام هەرگیز بیرکردنەوەی واشیان نەبووە و ناشیان بێت. چوون هیچ لایەنێکی ڕەسەنی کوردی بە سەربەخۆیی کوردستان زیانی پێناگات، ئەوانەی زیانیان پێدەگات داگیرکەرانی کوردستانە. بە بۆچوونی من ئەو قسانە تەنیا پروپاگەندەی لایەنە سیاسییەکان بە دژی یەکتر دروستی دەکەن.

**□ پێت وایە لەدوای سودان دووەم دەوڵەت کوردستان دەبێت؟**

■ ئەگەر بۆ خۆمان زیرەکانە بە دەم دۆزی سەربەخۆیی نەتەوەکەمان بین ئەوا بێگۆمان وا بە زووترین کات ئەو سەربەخۆیی و ئە ژمارە بە دەستی دێنین. بەڵام جمووجۆڵەکانی خەڵکی فەلەستین و یەکێتی و هاوپەیمانی فەتح و حەماس وا پێشاندەن کە سەربەخۆیی فەلەستین نزیکبووەتەوە، بۆیە من پێم وایە فەلەستینیش پێش کورد دەکەوێت، چوون ئەوانیش لەوەتی خەبات دەکەن هەر داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن. نەك وەك خۆمان باسی فیدراڵی و دیموکراتی بۆ حکومەتەکان بکەین.

ئەوەی کە ئیستا جێگەی خۆشحاڵیەوە ئەوەیە کە دۆزی سەربەخۆیی کوردستان هەم لە ئاست جەماوەرەوە و هەم لە ئاست دۆستانی دەرەوەشمان چرۆی کردووە ئاسۆ ڕوونە. وەك جاران بە چاوی ترسەوە نابینرێت. سەربەخۆیی وڵاتانی مونتینیگرۆ و کۆسۆڤۆ و باشوری سودان لەم ٥ ساڵەدا هیوایی زۆری بە کوردەکان بەخشیوە.

**□ بەرای ئێوە ئەگەر خۆپێشاندانەکان بەردەوامبن و دەست پێبکەنەوە زیان بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەگات.**

■ خۆپێشاندان مافی هەموو شارۆمەندێکی جیهانیە، بەڵام خۆپێشاندان لە چ کاتێکدا لە پێناوچیدا؟. بۆ ئیستایی کوردستان دەڵێم بەڵێ بە بۆچوونی من ئەو جۆرە خۆپێشاندانانە زیانێکی زۆر بە سەربەخۆیی کوردستان دەگەیەنن. نەك هەر بە سەربەخۆیی بەشکو زیان بەم دەستکەوتەی ئیستاش دەگەیەنێت. ئەمەش بەو مانا نییە کە دەسەڵاتی کوردی نابێت لەهەوڵی چاکسازیدابێت. پێویستە دەسەڵاتی کوردی لەهەوڵی چارەسەری کێشەکان بکات و بۆ ئەوەی زیاتر خۆی ئامادە بکات بۆ بە دەوڵەتبوون.

## اطلاعیه

**اتحاد ملل تحت ستم (ایران)**

حمله وحشیانه سپاه پاسداران را به کردستان در ایران وعراق محکوم می کنیم

نظام شوونیزم اشغالگر ودرمانده از مبارزه بی امان ملتهای غیر فارس، هر روزه يك صفحه ننگین دیگری به صفحات جنایاتش در حق ملتهای غیر فارس اضافه می کند وبه زندانها واعدامها اکتفا نکرده است بلکه جوانان ما را در خیابانها ودر منازل در دانشگاهها ومدارس هدف قرار می دهد.

در احواز یا کردستان، در آذربایجان جنوبی یا در بلوچستان، جوانان دسته دسته فقط به بهانه اعتراض وتظاهرات مسالمت آمیز به شهادت می رسند، وبا هردوره سرکوب جدید در یکی از مناطق ملتهای غیر فارس، نظام يك مشکل تازه ای را با کشورهای همجوار یا با جامعه جهانی بوجود می آورد تا بر جنایاتش در مناطق اشغالی سرپوش بگذارد ودستش برای کشتار با غیاب هر گونه رسانه ای برای نقل این سرکوبها، بیتشر باز باشد.

در برابر این سرکوبها، ملتهای عرب وکرد وبلوچ وآذربیاجانی وترکمن ودیگر ملل تحت ستم از سکوت شرم آور جامعه جهانی در تعجب است که چرا این کشتارها را محکوم نمی نماید وچرا هنوز به این حقیقت واقف نشده است که فرزندان ملتهای غیر فارس در ایران هر روزه بیشتر وبیشتر بی رحمانه به مسلخ فرستاده می شوند وبا توجه به حقانیت مطالبات ومبارزات ملتهای ما البته که مبارزه هر روزه شدیدتر وتعداد بیشتری از فرزندان ما به مبارزه برای حقوق خود ودر رآس آنها برای حق تعیین سرنوشت خود می پیوندند. این البته باعث شده که جوانان بیشتری هر ماهه به آویخته شدگان از جرثقیلها در میدانهای عمومی وبه شهادت رسیده ها در تحت شکنجه های وحشیانه بیشتر می شود.

امروزه اما نظام فاشیست حاکم، به جنایتهای بسیارش در حق فرزندان ملتهای تحت ستم اکتفا نکرده، وآنها را، وخانواده ها وفرزندان آنها را در خارج از مرزهای غیر شرعی خود ودر مناطق پناهشان بمباران وخونهای بیشتری می ریزد واین با سکوت غیر مبرر جامعه جهانی روبروست وحتی کشورهایی که پناهجویان کرد در آنها هستند از این بی پناهان نه تنها دفاع نمی کند بلکه سلطه فعلی عراق در سرکوب فرزندان ما با نظام ولایت فقیه همدست شده وعلیه ملتهایمان دست به توطئه زده وحتی صدای اعتراضش برای دفاع از خاك عراق پس از حمله نظامی به آن توسط ایران هم بلند نشده است.

اتحاد مللل تحت ستم، که متشکل از سازمانهی سیاسی مبارز ملتهای کرد وبلوچ وعرب وترکمن وآذری است، ضمن محکوم کردن این جنایات وحشیانه رژیم اشغالگر علیه ملت قهرمان کرد در داخل ایران ودر خاك عراق، جامعه جهانی وکشورهای منطقه را به مسئولیتهای اخلاقی وانسانی خود یاد آوری می کند واز سازمانهای بین المللی واز تمامی کشورهای صلح طلب جهان خواستار است تا این حمله وحشیانه را محکوم واجازه ندهند تشنجات سیاسی که نظام سعی در توسعه آنها در منطقه برای رسیدن به هدفهای توسعه طلبانه اش دارد ادامه یابد. بر جامعه جهانی است تا بداند که ملتهای تحت ستم مبارزه حق طلبانه شان متوقف نمی گردد وتازمانیکه این سکوت جامعه جهانی برای متوقف کردن سرکوبها ادامه یابد، مبارزه ملتها تشدید خواهد شد وسرکوبها نیز بیشتر ودر نتیجه منطقه به سوی بی استقراری ونا امنیتی بیشتر سوق داده می شود.

**اتحاد ملل تحت ستم(ایران)**



# بەرگری کورد لە بەرانبەر دەگیرکاری ئێران و ئاکامەکەی

**نووسەر: جەمیل ئەحمەدی**

وەك دەبینیـــن و دەبیســـتین ماوەی چەند ڕۆژێکە کۆماری ئیســـلامی ئێران بە هێزێکی چەند هەزار ســـەربازو تۆپ و تانك و تەیارەوە هێرشێکی بەربڵاوی دەست پێکردوە لە نێوان ســـنوری باشـــورو ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بە بیانوی پاکردنەوەو لەناو بردنی هێزی تێکدەر لەم ناوچانـــەدا کە یەکەم هێـــز پارتی ژیانی ئازادی کوردستانی کردوەتە ئامانج کە بە قەوڵی خـــۆی هێزێکی تێکدەرە و بەردەوام بە هەموو جۆرە چەکێکی هەواوی زەمینی لێیان دەدات و بە دەســـتی ئەنقەســـت ناوچەکانی باشوری کوردســـتان تۆپباران دەکات و سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان دەبەزێنێت کە سنوورێکی نێودەوڵتی یە و خۆی پێشێلکاری سەروەری خاکی هەرێمی باشوری کوردستانە ,و تا ئێستاش زیانێکی یەکجا زۆری گەیاندوە بە خەڵکـــی دەڤەرەکە و بووەتـــە هۆی گیان لەدەستدانی چەند کەسی مەدەنی .

بەڵام ئەوەی جێگای ســـەرنج و شـــایەنی باســـە ئەوەیە کە کۆماری ئیســـلامی ئێران بە پێی جموجۆڵەکانی و لێدوانی فەرماندە بوڵەند پایەکانی خـــۆی تەنها مەبەســـت و ئامانجی لەناوبردنـــی ( پژاك ) نییـــە و بەڵکو ئامانجی سیاسی و نیزامی تری لەپشتەوەیە و دەتوانین لە چەند خاڵێکدا تیشـــك بخەینە ســـەر چەند ئامانجێکـــی سیاســـی و نزامیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم هێرشە بەربڵاوەیدا.

▪ مەبەســـتی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێران حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانە کـــە بە دیموکراترین یاسایترین حکومەتی ڕۆژهەڵاتی ناویـــن هەژمـــار دەکرێـــت و وەك ئۆلگویەك دەبیندرێـــت بـــۆ ئایەندەی عێـــراق و ناچەکە و لەم چەند ســـاڵی تەمەنـــی کورتی خۆیەدا دەسکەوتێکی باشی بەدەست هێناوە لە گشت بوارەکانەوە وەك ئابوری. سیاســـی. ئاسیش.... بۆ خەڵکەیەی و ڕۆژئاواش بە ســـەرکەوتن و دەسکەتی خۆیان دەزانن لە دیموکراتیزەکردنی عێراق و ناوچەکەدا لە بەرانبەریشـــدا کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بە گەورەترین حکومەتی دژی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی ناسراوە لە ئاستی دونیادا.

▪ حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان هەم وەك حکومەتێکـــی کـــوردی و هـــەم وەك هاوپەیمانێکی سەرەکی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراقـــدا. ئێران بە گورەترین دوشـــمن و مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت کە سنورێکی زۆری لەگەڵ کوردســـتانی ژێردەســـتی ئێران هەیە و بەهاندانی کوردەکانی ژێردەستی خۆی دەزانێت و تاوانبـــاری دەکات بە یارمەتیدانی هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان کە دژی کۆماری ئیســـلامی چالاکی سەربازی و سیاســـی دەکەن ئەمە لەحاڵێکدایە جمهوری ئیســـلامی ئێران ڕۆژانە ســـەرکوتی میلیۆنی کـــوردی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان دەکات بە هەموو شێوەیەك.

> لەم شەڕەدا هەر شکستێکی گەلی کورد شکستی دیموکراسی هێزەکانی هاوپەیمانانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەر سەرکەوتنێکی گەلی کورد سەرکەوتنی ئەوانیشە لەم ناوچەکەداو باوەڕم وایە بە هەر نرخێك بووبێت سەرکەوتنی ملەتی کوردیان گەرەکەو نایەڵن توشی شکست بێتەوە

▪ مەبەســـتی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێران ســـەرکوت و چاوترســـاندنی جنبشـــی ئازادیخوازانەی کوردە لـــە ڕۆژهەڵات و هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

▪ مەبەســـتی ئێـــران مانـــوڕ دایـــن و خۆنیشاندانی هێزو توانای سەربازی خۆیەتی لە ئەمڕۆدا کە کەش و هەوای دونیاو ناوچەکە بەتایبەتـــی گـــۆڕاوە و ئێرانیـــش یەکێـــك لە وڵاتانەیە چاوەڕوانی گۆڕانی لێدەکرێت و ببێتە هۆی نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبینین زۆربـــەی حکومەتە ســـەرەڕۆو دیکتاتۆرەکانی دوونیا لە کۆتایەکانی ژیانی دەست دەکات بە مانوڕداین و هەڕەشـــە کردن، بەڵام ئەوەی بۆ گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی کورد دەبێت.

گرنـــگ بێت و بیکات لەم کات و ســـاتەدا یەکگرتـــووی و خـــۆی ئامادە بـــکات بۆ هەر هەلومەرجێـــك ناوچەکە بێتە ئـــاراوە بەڵام بە شـــێوەیەکی کرداری نەك هەر بـــە زارەکی و سەر کاغەز.

بە تایبەتی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کـــە دەتوانن نەخشـــی بەرچاویـــان هەبێت لـــەم هەلومەرجەدا کە هاتۆتە ئـــاراوە هەم بۆ بەرگری کردن لە دەســـکەوتە نەتەوەیەکان و هەم بۆ ســـەرخســـتنی نەتەوەکەمان لەم کات و ســـاتە هەســـتیارەدا ئەویش بە سیاســـەتی ژیر و حەکیمانە خۆیان کە دڵنیاشـــم دەتوانن ئاکامەکەشـــی بگۆڕن بەڵام نابێت چاوەڕوانی ئەوەیشـــمان هەبێت لێیان هەر لە ئێستاوە بە شێوەیەکی ســـەربازی زوو بەشداری شەڕەکە بکەن بەڵام لە درێژە کێشان و بەردەوامی شەڕ بێگومان دەبێت ئەوکاتە بڕیاری خۆیان بدەن و بەشداری بکەن پێش هەر شکستێکی کورد لە قەندیل و یان هاتنە ناوەوەی کۆماری ئیسلامی ئێـــران بۆناو خاکی هەرێمی کوردســـتان یان پێـــش ئەوەی ببێتە شـــەڕی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و ئێران چوون ئەوکاتە دەبێتە شەڕی نێوان دوو حکومەت و ڕەنگە لە دواوە بۆ چون بێت ئەوکاتە،

ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم شەڕە تەنها چەند ڕۆژێك بەردەوام بێت و هەســـت بە مەترســـی کردنی زیاتری کۆماری ئیسلامی ئێران بێت لە هەبوونی ڕێکەوتنێکی نێوان ئیمراڵی-قەندیل و ئەنـــکارادا. چـــوون بینیمان لـــەم ماوەیەدا جۆرێـــك بارگرژی کەوتووەتە نێـــوان ئێران و تورکیە بەهۆی پشـــتگیری کردنی تورکیە لە ئۆپۆزسیۆنی ســـوریە دژ بە دەســـەڵاتداریێتی بەشار ئەسەدی هاوپەیمانی سەرەکی کۆماری ئیســـلامی ئێران لە ئاستی دونیا و ناوچەکەدا تورکیەش پێی خۆشـــە وەك یەکەم هێز بێت لە ڕۆژهەڵاتـــی ناوینی نوێدا کە باســـی لێوە دەکرێـــت و ئێرانش هەروەها وایـــە دژایەتی یەکیـــش دەکەن لەم بـــارەوە و هەردووکیان دەیاهەوێت قســـەی یەکەم بکەن لە ئایەندەدا وەك دەورانـــی ئمپراتۆری ئێران و عوســـمانی بەڵام ئێران بە شـــێوەیەکی غەیـــرە عەقڵانی و مەنتقـــی وداگیرکردن دەیـــکات و تورکیە بە شێوەیەکی سیاســـی عەقڵانی تر یان وەك هاوپەیمانی ستراتیژی خۆی لە ناوچەکەدا.

هـــەر بۆیـــە ئەمـــڕۆ دەبینیـــن تورکیە و حکومەتەکەی ئەردۆغان زۆرتر ســـەرقاڵی ئەم گۆڕانکاریانەیـــە لە ناوچەکـــەدا ڕوو دەدات و دژایەتیەکی زۆری حکومەتی ســـوریە دەکات و کۆبونـــەوە بـــۆ نەیارانـــی حکومەتەکـــەی بەشـــار ئەســـەد دەکات لە تورکیە لە لایەکی تـــروە دەزانێت گەلی کورد لـــە ئایەندەیەکی نزیکـــدا دەگات بە مافە ســـەرەکیەکانی خۆی و نـــای هەوێت بۆ هەمیشـــە لـــە ناوچەکەدا کورد لەدەســـتی خۆی بدات هەر بۆیە ڕەنگە پشـــتگیری خۆی بکات لـــە پڕۆژەکەی بەڕێز. عەبدوڵا ئوجەلان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین کە باس لە کونفدراڵیزم دەکات بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین.

لـــە لایەکیترەوە دەبینین لـــە چەند ڕۆژی پێشـــودا کوردەکانـــی باکـــوری کوردســـتان ئۆتۆنۆمیـــان ڕاگەیاند بێگومان چرا ســـەوزی خودی حکومەتەکـــەی ئەردۆغان و تورکیەی لەگەڵە دایە، لە لایەکی تـــرەوە لە( هفتەنامە صبح صـــادق)، ارگان ســـپاه پاســـداران، لە تازەتریـــن شـــمارەی خۆیدا هوشـــداریدا بە تورکیـــەو نووســـیویەتی ئەگـــەر تورکیـــە بە سیاسەتەکانی خۆیدا نێچێتەوە ئێمە لە نێوان تورکیە و سوریەدا، سوریە هەڵدەبژێرین.

ئەم خاڵانە هەر هەموویان جێگای تێڕوانین و باسن!

بـــەڵام مـــن پێموایە لـــەم شـــەڕەدا هەر شکستێکی گەلی کورد شکستی دیموکراسی هێزەکانی هاوپەیمانانە لـــە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەر ســـەرکەوتنێکی گەلی کورد سەرکەوتنی ئەوانیشـــە لەم ناوچەکەداو باوەڕم وایە بە هەر نرخێك بووبێت ســـەرکەوتنی ملەتی کوردیان گەرەکەو نایەڵن توشی شکست بێتەوە.

بـــەڵام من پێموایە ئەم شـــەڕە ئەگەر بێت و بەردەوامی هەبێت دەبێتە هۆی شـــەڕێکی قورســـترو چـــاوەروان نەکراو لـــە ناوچەکە و دەستی هێزەکانیتری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدا دەچێت و ئەگەری هاتنەناوەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانی لێدەکەوێتەوە

بـــەڵام دەتوانین بڵێین ئاکامەکەیشـــی هەر ســـەرکەوتنی گەلی کـــورد و دۆڕانی گەورو ڕورەشـــی زیاتری کۆماری ئیســـلامی ئێرانی لێدەکەوێتەوە

بەڵام ئـــەوەی بۆ گەلی کورد دەبێت گرنگ بێت ئەوەیە هەر هەلێك هاتە ئاراوە بتوانێت بە قازانجی خۆی بیقۆزێتەوە و لە دەستی نەدات.

# ماڵپەڕێ دەوڵەتی بەریتانیا کەمپینێکی واژۆکۆکردنەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد دەستپێکردوە.



بە خۆشـــییەوە ماڵپـــەڕی فەرمـــی دەوڵەتی بەریتانیـــا بە شـــێوەی خوارەوە لـــە ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/٤ تـــا ٢٠١٢/٠٨/٢٤ ڕاپرســـییەکی یەکســـاڵەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕاگەیانـــدوە. کـــە لە مـــاوەی ئەو یەکســـاڵە پێویستی بە ١٠٠ ســـەدهەزار دەنگە. ئەمەش بووەتە مایەی خۆشحاڵی گشت کوردستانیان. هەزین دیلان بەرپرسی کۆمیتەتی بەریتانیای پارتی سەربەســـتیی کوردستان، لە لێدوانێکی بـــۆ ڕۆژنامەوماڵپـــەڕی پارتی سەربەســـتیدا داوا لە گشـــت کوردســـتانیانی خۆشەویستی دانیشـــتووی وڵاتـــی بەریتانیا کـــرد کە لەو ڕاپرســـییە دا بەشداری بکەن، ناوبرا ڕایگەیاند کە پێویســـتە هەموو کوردێك دڵســـۆزانە لەم ڕاپرسیە بەشداری بکەن و هەوڵبدەن خەڵکانی دیکەی غەیـــرە کورد لە بەریتانیا هانبدەن کە هاوکاریمـــان بکـــەن و واژۆی ئـــەم کەمپینە بکەن. زانیاری تەواو لە ســـەر ئەم کەمپینە بە شـــێوەی خوارەوەیە. تکایە کلیکی ئەم لینکە بکەن و ئەو زانیارییانەی ژێرەوە پرکەنەوە.

HTTP://EPETITIONS.DIRECT.GOV.UK/PETITIONS/311

**ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

# ڕاگەیەنداروی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بۆردومانکردنی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن فڕۆکەکانی تورکیاوە

چەند ڕۆژێکە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیـــا، ناوچەکانی ســـیدەکان و بناری قەندیـــل و گوندەکانی ســـنووری وەرتێ و قەســـرێ و تری هەنـــدێ ناوچەی هەرێمی کوردســـتان بۆردومـــان دەکەن، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان نیگەرانـــی و ناڕەزایـــی تونـــدی خۆی بەرامبـــەر بۆردومانکردنی ئەم ناوچانە دەردەبڕێت لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیـــاوە، کە بۆتە هۆی ئاوارەبوونـــی خەڵکەکانیان و زەرەرو زیانێکی مادی زۆریش، لەهەمـــان کاتیشـــدا تـــرس و دڵەراوکێی زۆری لای دانیشتوانی ئەوناچانە دروستکردووە ناتوانن بە ئارامی ژیان و گوزەران و کاسبی ڕۆژانەی خۆیان بەڕێوەببەن.

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان جارێکی تر دووپاتـــی دەکاتەوە، پارێـــزگاری ئەمنیەتـــی ناوچەکە بەکاری یەکلایەنـــەو پەنابردن بۆ توندوتیژی و بەزاندنی سنوورەکان جێبەجێ ناکرێت، کە پێچەوانەی قانوونی نێودەوڵەتی و پرەنسیێی دۆســـتایەتیە، بەڵکـــو لە ڕێگەی گفتوگۆو دانوســـتانی هاوبەشـــی نێوان حکومەتی عیراق و هەرێم و تورکیـــا دەبێت بە شـــێوەیەك کـــە ڕێـــز لەســـەروەری خاکی عیراق و هەرێم بگیرێت و یاســـا نێودەوڵەتیەکان ڕەچاو بکرێن.

لەم هەلومەرجەدا پێویستە هەموو لایەنەکان ڕەچاوی هەســـتیاری دۆخـــی هەرێمـــی کوردســـتان بکـــەن، نابێت هیچ هێزێك خاکی هەرێـــن بۆ پەلاماردانـــی وڵاتانی دراوســـێ بەکاربهێنێـــت، چونکە پێچەوانـــەی بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردســـتان و پرۆسەی ئاوەدانکردنـــەوەو خزمەتکردنـــی هاووڵاتیانـــە، لەهەمان کاتیشـــدا ســـەردەمی چـــەك و بەکاربردنی توندوتیژی بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان بەســـەرچووەو دەکرێ بەزمانی لە یەکگەیشتن و گفتوگۆ لە چارەسەری بنەڕەتی گرفتەکان نزیك ببینەوە، هەروا ناشـــبێ لە ژێر هەر بیانویەکدا بێت سنووری هەرێم لە لایەن وڵاتانی دراوسێ ببەزێندرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی خراپـــی لەســـەر دۆســـتایەتی گەلانی ناوچەکـــەو بەرژەوەندی هاوبەشـــیان دەبێـــت و خزمەت بـــە بەرقەرارکردنـــی ئەمنیەت و ئارامیش ناکات.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر ٢٠/ ٨ / ٢٠١١**

# ڕووداوەکانی ئەم دواییەی یۆنان و ئەگەری هەرەسهێنانی یورۆ

**زاهیر باهیر – لەندەن**

پارساڵ هەر ئەم وەختە بوو، کە خەڵکانی کۆڵنەدەری یۆنان هاتنەوە سەرشەقامەکان و چنگاوشی سیاسییەکان و دامودەسگە و ئامرازە سەرکوتگەرەکانی دەوڵەت بوونەوە.

یۆنانییەکان مێژوویەکی دوورودرێژی سەربەرزی بەرهەڵستی و بەرەنگاربوونەوەی هێزە داگیرکەرەکان و هێزە سەرکوتکەرەکانی ناوەوە و میرییە فاشیستەکانی خۆیانیان،هەیە. هەر ئەمەش بووەتە کولتوری خەڵکە کرێکار و کاسبکار و قوتابی و ئەوانەشی لە کێڵگەکانیاندا کار دەکەن و باقی خەڵکە ئاساییەکەی تری، کە سەر بۆ هیچ زوڵم و زۆر و ناهەقییەك دانانەوێنن و لە بەرامبەریدا شەڕی مان و نەمان دەکەن. مێژوویان بە دەیەها نموونەی ئاوای تۆمار کردووە، ئیدی ئەوە گرنگ نییە تا چەندێك سەرکەوتوو بوون و چەندیش سەرکەوتوو نەبوون. بەڵام ئەوەی کە گرنگە کڕنووشیان نەبردووە و جەنگی خۆیان بەردەوام پەرەپێداوە و نشوستییەکانیشیان نەبوونەتە هۆی ساردکردنەوە و خامۆشبوونیان.

یۆنان وڵاتێکە کە خۆپیشاندان و مانگرتن و چنگاوشبوون لەگەڵ دامودەسگە سەرکوگکەرەکانیدا، بەدەگمەن لێ دەبڕێت. ساڵی پار خۆپیشاندان و مانگرتنە گشتییەکان لە دژی دەوڵەت و پارتی دەسەڵاتدار، بەردەوام بوون، لە پای قایلبوون بە مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی ناوەندی ئەوروپی ، کە دەیانویست لە بری وەرگرتنی بڕی **١٠٩** ملیارد یورۆ لێیان، بەسەریاندا بسەپێنن، تاکو لەو قەیرانە ئابورییە دەرچێت.

ئەمڕۆش نەك هەر هەمان گیروگرفت بەڵکو بگرە قوڵتریش دەستەویەخەی سەرجەمی خەڵکو توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە. ئابووری یۆنان ڕووبەڕووی داتەپین و داڕمان بوەتەوە، قەرز و یارمەتییەکەی پار بە فریای نەکەوت. قەیرانەکەش ئەوەندە قوڵ بووەتەوە، کە بەگشتی کارایییەکی گەورەی لەسەر بازاڕی جیهانی و بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا کە بە یورۆ زۆن ناسراوە، هەیە. لە **٢٠١١/٠٥/٢١** وە کە خۆپیشاندانەکان دەستیان پێکردووە و دواتریش بۆ ماوەی **١٢** ڕۆژ مانگرتنی گشتی بوو، ئەوەندەی تر ترس و لەرزەی خستووەتە دڵی **٢٧** وڵاتەکەی، کە یەکێتی ئەورپایان پێکهێناوە، کە **١٧** وڵاتیان یورۆ بەکار دەهێنن، لەولاشەوە وڵاتانی تری دەرەوەی بەکارهێنەری یورۆ (تاکدراوی ئەوروپی) و کە ئەمەریکا و بریتانیا و یابان و چین و شوێنەکانی تریش دەستیان لەسەر دڵیانە، چونکە بیانەوێت و نەیانەوێت هاتنەخوارەوەی نرخی یورۆ یا هەرەسهێنانی کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ئابووریيان دادەنێت.

لە سەرەتادا ئەڵمانیا هەڵوێستێکی ڕەقی هەبوو، کە نەیدەویست بڕیار بدات، تاکو بۆ جاری دووهەم یۆنان لە هەرەسهێنان ڕزگار بکرێت، بەڵام دواتر بەناچاری لە ترسی هەرەسهینانی یورۆ و کەوتنە ژێر فشاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتییەوە، بەناچاری ڕای گۆڕا و کەوتە وتوویژ لەگەڵ فەرەنسە و وڵاتانی تردا، بۆ دانی قەرزێکی تر، بەڵام بە پێی مەرجی قورستر لە قەرزەکەی پار.

گەرچی ئەڵمانیاو فەرەنسە و وڵاتانی تری ئەوروپی بانکی ناوەندی ئەوروپی پاش وتوویژێکی دوورودرێژ کە لە دانیشتنی دووقۆڵی و سێقۆڵی و کۆبوونەوە گەورەکانی لۆکسەمبەرگ و برۆکسل دا، بەناچاری بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە، کە بە قەرزی **١٠٩** ملیارد یورۆی تر یارمەتی یۆنان بدەن. بەڵام بەو مەرجەی کە حکومەتەکەی پاپا ئەندرو و پەرلەمانەکەی بە مەرجە قورسەکانی قەرزدەران ڕازی بن. ئەوەبوو کە لەسەرەتای هەفتەی پێشوودا، لە پەرلەماندا ئەو پێشنیارە کرا، بەڵام پەرلەمان هاوڕا نەبوو، ئیدی نەیانتوانی بڕیاری لەسەر بدەن، دواتر پاپائەندرو خەریکبوو دەست لەکار بکێشێتەوە، بەڵام لە بری ئەوە کابینەکەی هەڵوەشاندەوە و چەند ئاڵوگۆڕێکی کرد، کە لە هەموویان گرنگتر دانانی **Evangelos Venizelos** بە شالیاری دارایی، کە سەر بە پارتی ئۆپۆزیشنە و لە هەڵبژاردنی ڕابوردوودا ڕکەبەری سەرەکی خۆی بوو.

پاپا ئەندرو لە بەجێگەیاندنی مەرجەکانی قەرزدەراندا، ڕووبەڕووی دوو کێشەی گەورە بووەتەوە: یەکەمیان: ڕازیکردنی زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمانە بۆ دەنگدان بۆ هەنگاونان بەرەو دەستگرتنەوەی ئابوری (تەقەشوف) تاکو بتوانن قەرزەکە وەرگرن. دوهەمیان: گەر پەرلەمانیش قبووڵی ئەوەیان کرد، ئایا دەتوانن ئەوەی کە دەیانەوێت بەسەر خەڵکدا بیسەپێنن؟ لە کاتێکدا کە بە ملیۆن خەڵك لە سەرشەقامە و لەسەر مافی خۆیان شەر لەگەڵ پۆلیس و پەرلەماندا دەکەن، لە کاتێکدا کە سیساسییەکان بەبێ حیمایە ناتوانن لەناو خەڵکدا دەرکەون، لە کاتێکدا گەر کەسێك کە لە پایەیەکی بەرزی سەر بە میریدا بێت، ناتوانێت بچێتە قاوەخانەیەك یا چێشتخانەیەك، چونکە خەڵکی هوهای لێ دەکێشێت و پێی دەڵێت « تۆ خوێنی خەڵکی دەمژیت و دەخۆیتەوە».

ئایا ئەم قەرزە تازەیە فریای یۆنان دەکەوێت، لە کاتێکدا قەرزی پارەکە قەیرانەکەی زیاتر قوڵکردەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵی ئاسان نییە، چونکە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا یۆنانی پێدا تێدەپەڕێت گەلێك سەختە. چونکە هەر لە ٦ کەس ١ کەس (شەش یەك) بێکارە، ڕێژەی بێکاریش لە ناو گەنجانی نێوان تەمەن **١٧** تا **٢٤** ساڵدا لە سەدا**٤٠٪** . یۆنان بە بڕی **٣٣٥** ملیارد یورۆ لە ژێرەوەیە، واتە نوقسانی بودەجەکەیەتی، کە ئەم بڕەش ٣ جارلە سەرجەمی هەموو داهات و سامانی یۆنان خۆی گەورە ترە. موچەی خەڵکی یا دەرامەتی خەڵکی ئەوەندە کەم بووەتەوە، کە بە برینی دەرامەتی مانگو نیوێك لە ساڵێکدا خەملێنراوە. لە ساڵی پارەوە تاکو ئێستا ٥٠ هەزار بزنس مایەپوچ ( ئیفلاس) بوون، بەرهەمهێنان بەڕێژەی لە سەدا**٢٠٪** هاتووەتە خوارەوە، ئاواش پێشبینی دەکرێت، کە لەم ساڵدا لە سەدا **١٢٪** تریش بێتە خوارەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئاسان نییە خەڵکی ئەمە قبول بکات، کە لە ئێستادا چوار یەکی خەڵکەکەی لە ژێر هێڵی برسێتییەوە دەناڵێنن، وەکو خۆیان دەڵێن گەیشتۆتە سەر ئێسقان یا دەڵێن گەر ئەمە قبوڵ بکەین، باشتر وایە وڵاتەکە بەجێبهێڵین بۆ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی ناوەندی ئەوروپی. خەڵکی لەوێ شەڕی مان و نەمان دەکات ، شەڕی خۆیی و شەڕ بۆ نەوەکەی و بۆ ئێمەش هەمووومان، دەکەن.

لەلایەکی تریشەوە، ئەزمونی قەرزەکەی پار زۆر خراپ بوو، لە بری ئەوەی کە خوێن لە دەمارەکانی ئابووری ئەوێدا بخاتەوە گەڕ، کەچی خراپتری کرد و تا گەیشتە ڕادەی ڕاوەستان. مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی ناوەندی ئەوروپی و وڵاتانی ئەوروپی ئەوەندە قورس بوون، هەر لە بەتایبەتکردنی زۆربەی کەرتە دەوڵەتییەکانەوە بگرە تا زیادکردنی باج ، کەمکردنەوە لە بودجەی خەرجکردنی پارە بۆ کەرتە خزمەتگوزارییەکان، خەستەخانە و قوتابخانە و شارەوانییەکان. بەرزکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی، کەمکردنەوەی بیمەکان و گەلێکی تر تاکو دەوڵەت لەوێ بتوانێت قەرزەکەی بداتەوە و نوقسانی بودەجەکەشی دابەزێنێت، کە جێبەجکردنی ئەمانەش ئەوەندەی تر وڵاتەکەی بە قوڕدا برد.

ئابوورناسەکان وەکو چۆن ڕۆشبیرە لیبراڵەکانی ئێمە پێیانخۆشە پێمان بڵێن شۆڕش و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە هونەرە، زانستە واتە کاری ئەو کەسانەیە، کە لەو بوارانەدا پسپۆڕن، ئابوورناسەکانیش پێیانخۆشە بڵێن ئابووری زانستە و زانستێکی ئاڵۆزە و خەڵکی ئاسایی لێی نازانێت و سەری لێ دەرناکەن، چەندەها تیوریمان بۆ دەهێننەوە و باس لەمە و لەوە دەکەن، تاکو بەوە قایلمان بکەن، کە ئەوان و سەروەرانمان و دەسەڵاتدارانمان هەرچی دەڵێن و هەرچی دەکەن، ڕاستە و ئێمە دەبێت گوێڕایەڵیان بین.

بەڵام ئەمانە هەمووی پڕوپاگەندەی کەسانی پارێزەری ئەم سیستەمە و پەیوندی بەرهەمهێنانەکەیەتی، ئەگینا هەر یەك لە ئێمە خوێنەوار بێت یا نەخوێندەوار، گەر نەختێك بیر بکاتەوە هۆش و ئاوەز بخاتە کار، بەلایەنی کەمەوە سەری لە شتە بناخەییەکان، کە ئابووریان لەسەر وەستاوە و بەردەوامی پێدەدەن و هۆ سەرەکی و سەرەتاییەکانی قەیرانەکەشی دەرك دەکات. ئابووری و ئابورویناسین بەهیچ شێوەیەك ئاڵۆز نییە، ئەوەی کە ئابووری و سەرلێدەرکردن لە ئابووری دژوار دەکات و ئاڵۆزی دەکات، لە ڕێ لادانی یا دەرکردنی ئابوورییە لە ڕەوتە ئاساییەکەی. وەکو هەموو شتێکی تر هەر شتێك بەلاری وخواری ڕۆیشت، لە ڕەوتە سروشتییەکەی دەرچوو، ڕاستکردنەوەی ئاسان نییە. بۆ ئەوەی کە ئەم مشتومڕەی سەرەوە بیری لێ بکرێتەوە ، ناڵێم ڕاستی قسەکەم بسەلمێنێت، دوو نمونە دەهێنمەوە، ئیدی لە خوێنەر دەگەڕێم کە خۆی بیری لێ بکاتەوە.

یەکەم : ڕۆشنبیریی و ئابووریزانین و خوێندنی باڵای ناوێت، تاکو هەست بەم ڕاستییە بکەیت و سەرئەنجامەکەشی بزانیت: پار ئەم وەختە کە یۆنان بە هەمان قەیرانی ئێستادا ڕۆیشت، چارەسەری وڵاتانی ئەوروپی و ناوەندە گەورەکانی وەکو بانکی جیهانی و بانکی ناوەندی ئەوروپی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی **١٠٩** ملیارد یورۆیان بە قەرز دا بە دەولەتی یۆنان، بەڵام بەو مەرجانەی کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشان، گوایە گەر یۆنان ئەو مەرجانە چێبەجێ بکات، ئیتر خۆی دەگرێتەوە و یورۆش بە سەقامگیریی دەمێنێتەوە. بەڵام وەکو وتم گەر تۆزێك بیری لێ بکەیتەوە، دەزانیت کە ئەو یارمەتییە لە هەقەتدا ئەوەندەی تر یۆنان دەکات بە قوڕدا، بەڵام کەسمان نەماندەزانی کە کەی کێشەکە سەر هەڵدەداتەوە. بۆچی؟ وەڵامەکە بە کورتی: وڵاتانی ئەوروپی لە سەر باج دەژین، واتە باج ئەم سیستەمەی ڕاگرتوە، کە دانی باج لەسەر خەڵکانی ئاساییەوە تاکو دوکان و بزنسی بچووك و گەورە، سەپێندراوە. گەر خەڵکێکی زۆر لەسەر کار بن، یا لە کاردا بمێننەوە، ئەوە دەرامەتی وڵات کە بودجەی وڵات لەوێوە پڕ دەکرێت، بەهێز و پڕ دەبێت، ئەمەش وا دەکات کە توانای کڕینی تاکەکانی ناو کۆمەڵ بەرزتر بێتەوە، کە بەرزتریش بووەوە، ئەوا خەڵکی لە کڕینی کەرەسە و کاڵادا بەردەوام دەبێت، لە گەشتکردن، لە باش خواردن و باش دڕین بەکورتییەکەی زیاتر خەرجکردن ، کە ئەمەش بەردەوام بوو، واتە بزنس و کاروباری هەموو کەس بەردەوام دەبێت. لەولاشەوە دەوڵەت پارەیەکی زۆری لە خەرجکردن لە بیمەکاندا بۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش وا دەکات، کە ئابووری بۆ ماوەیەك لە سەر بێت و بارو دۆخی خراپ نەبێت. بەڵام کە دەست لە دانی بیمەکان دەگیرێتەوە، پارەی کەم بۆ بەشە خزمەتگوزارییەکان کەم دەکرێتەوە، کە ئەمەش لە دواییدا دەبێتە هۆی داخستنی هەندێکیان دەرکردنی هەندێك لە کرێکاران و کارمەندان، کە کەرتەکانی دەوڵەتیش دەکرێن بەکەرتی تایبەتی، ئیدی ئامانجەکە لای خاوەنکار و خاوەنکارگە و خاوەن شتەکانی تر دەبێتە پەیداکردنی زیاتری سوود و قازانج و کەڵەکەکردنی زیاتری پارە. بۆ ئەمەش کرێکار و کارمەندان دەردەکرێن و ئەوەشی کە لەسەر کار دەمێنێتەوە، کرێی کەم دەکرێتەوە و هەلومەرجی ئیشی سەخت تر دەکرێت. بەکورتییەکەی توانای کڕینی خەڵکی کەم دەبێتەوە، دواتر کاڵا و کەرەسە لە بازاڕدا دەمێنێتەوە، خەڵك توانای گەشتوگوزار و نانخواردن و خواردنەوەی لە دەرەوە نامێنێت، شتی زیاتر ناکڕێت، لە شتە پێویستەکانیش هەتا دەیکرێت، دوو سێ جار بیری لێ دەکاتەوە، ئەمەش واتە، ئەوەی شوێنی فەرمان و کارگەی زیاتر، دادەخرێت، کرێکارانی ڕێگاوبان و فرۆکەخانە و شوێنەکانی تر کەم دەکرێنەوە، لەو لاشەوە دەوڵەت بە دانی پارە بە خەڵکانی تازە کەکاریان لە دەستچووە، خەرجییەکی زیاتری دێتەسەر. ئەمە زنجیرەیەك ڕووداوە و تەواوگەری یەکترین، ئەمە واتە هەموو بێکارێك بێکارێکی تر بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت.

لە یۆنان لە نێوانی پار و ئەمساڵدا دەقاودەق ئەوە ڕووی دا، کە لە سەرەوە باسم کرد. ئیدی تۆ چۆن دەتوانیت بڵێیت، کە ئەو پێوەرەی کە دەوڵەتە ئەوروپیەکا ن و دامودەسگەکانیان بۆ ڕزگارکردنی یۆنان دایانناوە، ڕاستە و ئیش دەکات؟ ئەمەی کە من لە سەرەوە باسم کرد، هەموومان دەیزانین و پێویستیشمان بە هیچ پلەیەکی باڵای خوێندن لە « زانستی ئابووریدا» نییە تاکو دەرك بەم ڕاستییە بکەین.

دووهەم: بە بۆچوونی من، تەمەنی یورۆ زۆری کێشا، من بەشبەحاڵی خۆم چاوەڕوانی زووتر هەرەسهێنانیم دەکرد. هەڵهێنانی ئەم مەتەڵەشیان هەر ئاسانە: یەکێتی ئەوروپا **٢٧** وڵاتن، کە لەمانەش **١٧** یان لە زۆنی بەکارهێنانی سیستەمی یەکدراودان، کە یورۆیە و بنناخەی دانانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی « ماستریخ» کە شارێکی هۆڵەندیە، لە ساڵەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو دا لەوێ بەسترا، چەند مەرجێکیان بۆ ئەو وڵاتانەی کە دەیەویانەوێت ببێنە بەشێك لە یەکێتی ئەوروپی و هەڵگری سیستەمی تاکدراوی، دانا. سەختترینیان ئەوە بوو، کە نابێت نوقسانی میزانییەی هەر وڵاتێك، کە بەشداری لە سیستەمی تاکدراویدا دەکات، لە نێوانی لە سەدا **٧** بۆ سەدا **١١** ی داهاتی نەتەوەیی بێت.

وردە وردە ئەم یەکێتییە فراوانتر بوو، قەبەتر بوو، هەڵبەتە ئەوەش هۆی خۆی هەیە، کە لێرەدا جێگەی باس نییە، گەلێك لەو وڵاتانە زۆر هەژارن و هەندێکیشیان زۆر دەوڵەمەندن. لە زۆربەی کاتدا تۆ ناتوانیت دژایەتی لۆجیك بکەیت ، زۆربەی کاتیش ڕاستە لۆجیك نابێتە یاسا، بەڵام لۆجیك ڕاستییە و واقیعە. کەواتە تۆ چۆن دەتوانیت **١٧** دەوڵەت پێکەوە بنێیت و دەبێت یەکدراویش بەکاربهێنن، ناتوانرێت **١٧** دەوڵەت بەیەکەوە گرێ بدەیت، کە هەندێکیان بێکارییەکی زۆر و بەرێژەیەکی کەم بەرهەم دەهێنن، لە هەمانکاتدا هەندەکەی تریان بێکارییەکی کەمیان هەیە و بەڵام بەرێژەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنن؟!! ڕەنگە بتوانیت ئەم بارودۆخە تا ڕادەیەك ڕاگریت، ئەویش بە ئامادەکردنی بودجەیەکی گەورە لە وڵاتە دەوڵەمەندکانی ئەو یەکێتییەوە بۆ یارمەتی دانی وڵاتە هەژارەکانی ناوەوەی تاکو بێنە ڕیز و لە شانی ئەوانی تر نزیك ببنەوە. ئەمەش هەر لەسەر حسابی هاووڵاتیانی خۆیان دەکرێت ، لەسەر دابەزینی ئاستی ژیانیان دەکرێت، بە سەرخستنی باج و کەمکردنەوەی بیمەکان و کەمکردنەوە پارەی خانەنشینی و زیادکردنی تەمەنی خانەنشینکردن. ئەمەش تا ڕادەیەك دەکرێت و تا ڕادەیەك لەلایەن هاووڵاتانییەوە لە دەوڵەت قبوڵ دەکرێت. گەر هەر ئەوەندەش بیری لێ بکەیتەوە لۆجیك، ڕاستییەکان، واقیع پێمان دەڵێن، تەمەنی یورۆ زۆری بەدەمەوە نەماوە.

## یونان و ئەو ڕێگایانەی کە لە بەردەمیدان و چەند ئەگەرێك

هەر ڕۆژێك کە زیاتر تێدەپەڕێت، کێشەکانی یۆنان قوڵتر دەبنەوە، بارودۆخەکەش بۆ وڵاتانی هەڵگری دراوی یورۆ و سەرجەمی وڵاتانی ئەوروپی و ڕوسیا و ئەمەریکا و یابان و چین و کەنەدا و باقییەکەی تری مەترسی دارتر دەبێت ، داهاتووی یۆنان هەرچۆن بشکێتەوە، کاریگەری گەورە لەسەر بازاڕی جیهانی و دراوە سەرەکییەکانی جیهان دادەنێت، نزیکیشە لەوەی کە جارێکی تر جیهان بەرەو قەیرانێکی تر بەرێت.

لە ئێستادا سندوقی دراوی نێودەڵەتی فشارێکی زۆرری خستوەتە سەر دەوڵەتانی ئەوروپی و بانکی ناوەندی ئەوروپی ، بەبێ پێچوپەنا پێیان دەڵێت « وەختتان لەبەردەمدا نەماوە، لەوە زیاتر دوابکەوێت من یارمەتییەکەم دەکێشمەوە»، بانکی ناوەندی ئەوروپیش بە ڕۆڵی خۆی ناتوانێت یارمەتی حکومەتەکەی پاپا ئەندرو بدات، ئەگەر مسۆگەری جێجەجێکردنی مەرجەکانی ئەو نەکات. مەرجەکانیش زیاتر بە تایبەتیکردنی کەرتە گشتییەکان، زیادکردنی باج، کەمکردنەوەی زیاتری بیمەکان، کەمکردنەوەی موچە و دەرامەتی خەڵکی بە بڕی زیاتر، بەرزکردنەوەی ، تەمەنی خانەنشینی و گەلێکی تر لەگەڵ قەرزدانەوەی **٧** ملیارد یورۆ هەموو ساڵێك تاکو قەرزەکانی سووك کات. هاوکات (پاپا ئەندرو)ش لە هەوڵی فرۆشتنی ئەم مامەڵەیەدایە بە پەرلەمان و حکومەتەکەی، تاکو قبوڵی ئەم مەرجانە بکەن و ببێتە یاساو جێبەچی بکرێن، ئەو یاسایەش لە دووتوێی شەقامەکان و دەرەوەی پەرلەماندا لە تاقیکردنەوەدا دەبێت، ئایا خەڵکی قبوڵی دەکات یا پاپا ئەندرو حکومەتەکەی بە چۆکدا دەهێنێت. ئەمانەش لە چەند هەفتەی ئایندەدا دەردەکەون. هەر لەبەر ئەمانەش یۆنان سێ ڕێگەی لەبەردەمدایە:

یەکەم: قبوڵکردنی قەرزەکە بە هەموو مەرجەکانییەوە، ئەوکاتەش ئایا دەتوانێت چرکە و فزە لە شەقام ببڕێت و گەر بڕیشی تا کەی؟ چۆن دەتوانێت هەلومەرجە بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت؟ ئایا کاردانەوەی سەپاندنەکە چۆن دەکەوێتەوە؟ یۆنان لە قەیرانەکە ڕزگاری دەبێت یا بە هەمان ئەزموونی ساڵی پاردا تێپەڕدەبێتەوە؟

دووهەم: قبوڵی قەرزەکە ناکات و بیر لە کشانەوە لە سیستەمی تاکدراوی دەکاتەوە و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی دراوە کۆنەکەی!! ئەمەش کارێکی ئاسان نییە. هەر بە بڕیاردانی ئەمە، هەرچی خەڵك هەیە بە بزنسمانەکانیشەوە یەکسەر هەموو پارەکانیان لە بانکەکان دەردەهێنن و هەموو پڕۆژەکانیش دەوەستێن. بەمەش بانکەکان هەموو خاڵی دەبن و دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییەکی زۆر لەناو خەڵکدا پەیدا دەبێت. ئەمە بێجگە لەوەی کە خەرجێکی زۆریش دەخاتە سەر دەوڵەت لە گۆڕینی سیستەمی دراوەکەیدا و پێناساندنی بە خەڵکەکەی و دەرەوەی.

لەلایەکی تریشەوە، ڕێگە خۆش دەکات بۆ وڵاتانی تری وەك خۆی ئاسای : لەوانە ئێرلەندە، پورتوگال، ئیتالیاو ئیسپانیا، لە خۆڕزگارکردنیان لە سیستەمی تاکدراوی. خۆ ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، ئەگەر یورۆ هەرەس پێ نەهێنێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە نرخی زۆر دەهێنێتە خوارەوە، کە لەو بارەشدا ناتوانێت لەگەڵ پاوەند و دۆلار و یەنی یابان و یوۆنی چینی لە ململانێدا بێت.

سێهەم: ئەگەر بانکی ناوەندی ئەوروپی و وڵاتانی ئەوروپی ئەو بڕە پارەی، کە بڕیار بوو بەقەرز بیدەنێ، ئێستا وەکو یارمەتی بیدەنێ، کە لەم بارەشدا ئیدی یۆنان پێویستی نییە کە مەرجی تازە بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. ئەمەیان ئەگەرێکی ماقوڵترە لەوانەی سەرەوە بۆ سەرمایەداری و بانکەکانیان، بەڵام دوو شت لێرەدا دێنە پێشەوە : یەکەم: دەبێت هەمان شت بۆ ئەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە نێوم هێنان، بکەن یا بۆ هەر وڵاتێکی تر کە دەکەوێتە هەمان کێشەوە. ئایا ئەمە دەکرێت؟ خۆ گەر کرا چەند لەسەر وڵاتانی یارمەتیدەر دەکەوێت و چەندیش هاووڵاتیان ئەمەیان لێ قەبوڵ دەکەن؟ چونکە کردنی ئەمەش لەسەر ئەوان زۆر زۆر دەکەوێت. دووهەم: چ گەرەنتییەك هەیە، پاش ئەم یارمەتییەش یۆنان لە قەیرانەکە دەربچێت؟ خۆ دوور نییە پرسی نەوت و ئەم وردە شەڕانەی کە ئێستا هەن و دەستتێوەردانی زیاتری ئەمەریکا و بریتانیا و هاو پەیمانەکانیان لە لیبیا و سوریا و ئێراندا، قەیرانێکی تری گەورەی وەکو قەیرانەکەی ساڵی **٢٠٠٨** دروست نەکەنەوە و یۆنانیش بە خەستی نەگرێتەوە.

ئەمانەی سەرەوە ئەگەرن و کەس ناتوانێت بڵێت ئاوا دەردەچێت، بەڵام ئایندەی نزیك ڕۆشنایی دەخاتە سەر بارودۆخەکە و پێماندەڵێت یۆنان چ ڕێگایەك دەگرێتە بەر.

*** تێبینی: سەرجەمی ئەو ئامارانەی سەرەوە لە دیمانە و دەنگوباسی تەلەفزیۆنی بریتانی و ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی ئەم ڕۆژانەی دوایی وەرگیراون.**

# پیرۆزە لە گەلی باشوری سودان نۆخشەشبێت لەگەڵی بندەستی کوردستان

نووسینی: عارف باوەجانی



پێش ئەوەی بچمە سەر ناوەرۆکی باسەکەم، پێمباشە سەرەتا بە کورتە پێناسەیەکی باشوری سۆدان دەستپێبکەم، بۆ ئەوەی خۆێنەرانی هێژا بە کورتە زانیارەك لە سەر باشوری سۆدان، بابەتەکەم لێوەرگرن.

باشورێ سودان و کورتە پێناسەیەك

باشووری سودان ٢٠٪ گشتی سەرژمێری سۆدانی گەورەی پێش ٢٠١١/٧/٩ کە خاوەنی ٤٢ ملۆێن حەشیمەتە پێکدەهێنێت. کە ژمارەی دانیشتووانی باشوری سۆدان دەگاتە هەشت ملۆێن و حەفسەد و بیستهەزار کەس. ٨٧٢٠٠٠٠ . هەروەها ٢٤٪ خاکی سۆدانی پێشۆو هی ئەوانە، ئیستا باشوری سۆدان خاوەنی (٧٤٥/٥٨٩) پێنجسەدو هەشتاو نۆ هەزارو حەوتسەدو چل و پێنج کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

ئاینەکان لە کۆماری باشوری سودان، دانیشتوانی ئەو وڵاتە زۆرینەیان مەسیحی کاتالۆکی و ئەنجلیکانیۆنن. ١٢٪ دانیشتوانی باشوری سودان موسڵمانن و هەروەها چەندین وردە ئاینی دیکەی ئەفریقی لە کۆماری باشوری سوداندا وەك کەمینەی ئاینی هەیە.

کورتەیەك لە مێژووی سیاسی باشوری سۆدان

لە ڕێکەتننامەی ئەدیس ئابابا لە ساڵی ١٩٧٢ واژۆی خودمۆختاری بۆ گەلی باشوری سۆدان کرا، بەڵام لەساڵی ١٩٨٣ لە کاتێك کەسەرۆکی جەعفەر نمەیری سەرۆکی پێشووی ئەو وڵاتە خودموختاریەکەی باشوری سۆدانی هەڵوەشاندەوە، باشوری سودان بۆ سووربوون لە سەر مافەکانی خۆیان دووچاری شەرێکی ٢٢ ساڵە بوونەوە. تا سەرنجام بە سەرپەرەستی کۆمەڵی نێۆنەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٥ ڕێکەوتنی ئاشتی لە نێوان حکومەت و گەلی باشوری سۆدان واژۆکرا. و ئاکامەکەشی گەیشتە ئەم ئاستەی تا بە سەربەخۆیی گەیشتن.

کە لە جیاوازی نێوان ئاڵای سۆدان و ئاڵای باشوری سۆدان، لەتکردنی ئەو سێرەنگەیە، لەگەڵ هێنانە ناوەوەی ئەو سێیانە شینە کە ئەستێرەکەی پورتەقاڵی لە نێودایە.

پایتەختی کۆماری باشوری سودان: شاری (جۆبا) یە کە گەورەترین شاری ئەو وڵاتەیە.

**زمانی فەرمی کۆماری باشوری سودان: ئینگلیزی و عەرەبییە.**

**سەرۆکی وڵاتی کۆماری باشوری سودان (سەلڤا کیر میاردیت).**

**جێگری سەرۆکی وڵاتی کۆماری باشوری سودان ( ریباک مەشار)**

هاوسنووری: کۆماری باشوری سودان لە باکورو باشورەکەیەوە هاوسنوورە لەگەڵ دەیان وڵاتی ئەفریقایی وەك ئیتوپیا، کینا، ئۆغاندا، کۆماری کۆنغۆ، کۆماری ئەفریقایی ناوەڕاست، وڵاتی سۆدان.

**داهاتی ئابوری کۆماری باشوری سودان**

کۆماری باشوری سودان وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە بواری مادە سروشتییەکان، هەروەها لە بواری سامانە ژێر زەمینەکانی وەك نەوت زۆر دەوڵەمەندە. کە باس لەوە دەکرێت ٨٥٪ داهاتی وڵاتەکەی لە نەوتەوە بێت.

هەروەها خاوەنی دەریایی بە ناوبانگی نیلە، کەدەیان سامانی دیکەی ژێر زەمینییە لە نێۆ دەریا مەزنەکەی نیلدا هەیە.

**سەربەخۆیی باشوری سۆدان و ئەزموونێک بۆ کورد**

گەلۆ: وا ئەمرۆ بە پێشچاوی هەموو جیهانەوە گەلی باشوری سۆدان لە پاش چەندین ملۆێن قوربانی و ئاوارەیی وماڵوێرانی، جیابوونەوەی خۆیان لە ژێر ناوی ( کۆماری باشوری سودان) ڕاگەیاندن و ئاهەنگی سەربەخۆیی خۆیان بەڕێوە برد. باشوری سودان پلەی ١٩٣ هەمین وڵات لە جیهان و ٥٥ هەمین وڵاتی ئەفریقایی پێدرا.

بێگۆمان ملۆینان کوردی چاوەڕێی سەربەخۆییش ئەمرۆ لە پێش تەلەفزۆێنەکان بینەری ئەو ڕاستییە بوون.

من یەکێك لەو بینەرانە بووم کە لە ٨ بەیانییەوە لە پێش شاشەی کاناڵەکان بووم و بە وردی چاودێری ئەو ڕاگەیاندنەی سەربەخۆبوونی باشوری سۆدانم دەکرد، لێشتان ناشارمەوە و بە زەعفم لێوەرمەگرن کە بەردەوامیش فرمێسك بە چاومدادەهات و بیرم لەوە دەکردەوە کە تاکەی ئێمەش بەم ئاستە ناگەین و لە ژێر چنگی داگیرکەران نەجاتمان نابێت. لەو ئاهەنگەدا دیتمان کە سەرۆکی باشوری سودان سەلڤا کیر سوێندی فەرمی خوارد، و باسی لەم دەستکەوتە مێژووی کرد بۆ گەلەکەی. ئەوەی زۆر جێگەی سەرنجیش بوو لەو بەرنامەیەدا کە چۆن لەو ماوە کورتەدا، کە ٥ مانگ پاش ڕاپرسییەکەیان، بەڵام خۆشەویستی سەربەخۆبوونیان وای لێکردبوون کە خۆیان تەواو لە بوارەکانی سوپا و هێز و پەرلەمان وپۆستە ئەمنییەکانی ئامادەکردبوو. چۆن توانیبووی بە هۆی دیپلوماتییەتێکی لێزانانەوە سەرۆك و نۆێنەری دەیان وڵاتی جیهانی بۆ ئەو ئاهەنگەی خۆیان بانگهێشت بکەن.

پێداگرتنی باشوریانی سۆدان لە پێناو سەربەخۆیی خۆیان دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٥٦ کە لەو ساڵەدا سۆدان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرا، بەڵام باشوریەکان هەر لەو کاتەوە داوای دەوڵەتی جیای خۆیان دەکرد، بەردەوام لە خەبات و تێکۆشاندا بوون تا ساڵی ١٩٧٢. لەو ساڵەدا بە هۆی خۆراگریان حکومەتی سۆدانیان ناچارکرد کە لەهەنگاوی یەکەمدا وەك ناوچەیەکی خودموختار دان بە باشوردا بنییو خودموختاریان بۆ واژۆ بکات. هەروەها لە پاش هەڵوەشانەوەی خودموختارییەکان لە ساڵی ١٩٨٣، لە لایەن سەرۆکی ئەو کاتی سۆدان. جووڵانەوەی سۆدان ڕەنگێکی دیکەی بەخۆی بینی. ئامانجی خەباتی گۆری بۆ سەربەخۆیی و سەروەری یەکجاری.

هەر ئەوەش بوو کە تاساڵی ٢٠٠٥ لە بەربەرەکانی مانەوەن، خۆراگری باشورییەکانی سۆدان کۆمەڵی نێونەتەوەیی ناچارکرد بیر لە چارەسەری بکاتەوە. هەر بۆیەش لەو ساڵەدا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی سۆدان و حکومەتی خەرتووم واژۆکرد، هەر لەو ئاشتینامەدا بەڵێنی ڕیفراندۆمی سەرتاسەری لە ساڵی ٢٠١١ بۆ مانەوە یا جیابوونەوە بە گەلی باشوری سۆدان درا. لە ئاکامەکەی هەموو لایەکمان دیتمان ئەونەتەوە بندەستە بە تێکڕا دەنگیان بە جیابوونەوەدا، و ئەمرۆش ٢٠١١/٧/٩ بەفەرمی جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند. خۆراگری ئەم نەتەوە ئاکامەی سەرکەوتنی بە شۆیندا هات، بەڵام کە ئاور لە مێژووی گەلەکەمان دەدەینەوە دەبینین مێژووی خەبات و بەربەرەکانی و خۆراگری ئێمە چەند بەرامبەر بە سۆدان بووە. بەڵام ئەوەی کە بەجیاوازی لە نێوان جووڵانەوەی کورد و باشوری سۆدان دەبینریت ئەوەیە، کە ئێمەش ستراتیژی خەباتمان نەکردوەتەوە خەباتێکی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی. بەشی زۆری جووڵانەوەکانی ئەم سەردەمەی نۆی کورد، کە لە جیهانێکی نۆێ و مۆدێرندا گۆرانکاری زۆر بووە، ئیستاش کە بەرەوپێخی ساڵی ٢٠١٢ دەرۆێن هێشتا بەشێك لە لایەنە کوردستانیانەکان بە ڕەوای نابینن حەتا لە میدیاکانی خۆشیان باس لە سەربەخۆیی بکەن. ناویان ناوە خەون و خەیاڵ و ئاوات و ئارەزو، یا هەڵگرتنی بەردی مەزن نیشانەی نەوەشاندەنە. ئەی ئایا گەلی باشوروی سۆدان بە خەون و خەیاڵ بوو یا بە تێکۆشان و پێداگری بوو. کە توانیان ئەمرۆ عومەری بەشیری سەرۆکی ئیستای سۆدانیش بهێنە نێۆ ئاهەنگەکەیان، و هەروەها بانکیمۆن سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەك گەورەترین دەسەڵاتی گەورەی جیهان لە ئاهەنگی سەربەخۆییدان بەشداریکرد، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە چۆن توانرا بە یەکگرتووی و یەکدەنگی و یەك ویستی بگەن بەو ئاواتەیان.

ماوەتەوە بڵێین پیرۆزە لە گەلی باشوری سودان نۆخشەشبێت لەگەڵی بندەستی کوردستان. بەو هیوایە گەلی مەزن و قارەمانی ئێمەی کوردیش چیدیکە ئەم مافە رەوایە پشتگۆی نەخەین و ئیرادەی بە هێزی خۆمان لە ئاست سەربەخۆیی گەلەکەمان زیاتر بخەنە گەر، و کۆر وکۆمەڵانی جیهانی بهێنینە نێۆ ویستەکانی ئێمەو وڵامەکانی داگیرکەران. تا ئێمەش بتوانین بڵێن ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەری لە زاری کۆمەڵی نێۆنەتەوەیی وەرگرین.



**ئاڵای کۆماری باشوری سۆدان بەم شێوەیە.**

# کۆنفرانسی دووەمی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان، به هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نۆی به سەرکەوتووی کۆتایی پێهات

**کوردستانیانی خۆشەویست و وڵاتداگیرکراو، ژنانی نیشتمان پەروەری کوردستان.**

ماوەی ساڵ و نیویێك پێش کۆمیتەی ئامادەکاری ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان، لە کۆنفرانسی یەکەمی خۆی لە ژێر ناوی کۆنفرانسی دامەزراندن، لە ٨ی مارشی٢٠١٠ی زاینی ١٧ی ڕەشەممەی ٢٧٠٩ ی کوردی، کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵڕۆژی نێۆنەتەوەیی ژنانی جیهان دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستانی ڕاگەیاند.

لەو ماوەدا کۆمیتەی دامەزرێنەر، بەردەوام خەریکی خۆم ئامادەکردن و کۆکردنەوەی ژنانی هاوبیر بووە بۆ پەرەپێدان و زیاتر چالاککردنی ڕێکخراوەکەمان. کە بە خۆشییەوە لە پاش ئەرك و ماندووبوونێکی زۆری کۆمیتەی دامەزرێنەر، ئەمرۆ ڕێکەوتی ٢٠/ ٢٠١١/٨ بەرامبەر بە ٢٩/ گەلاوێژی ٢٧١١ ی کوردی، کۆنفرانسی دووەمی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان بە ڕێوە چوو.

بەشدارانی کۆنفرانس بریتی بوون لە دەیان ژنی ئەندام لەو ڕێکخراوە و هەروەها بە بەشداری بەڕیزان عارف باوەجانی سەرۆکی پارتی سەربەستیی کوردستان، و هەر یەك لە بەرێزان ئیبراهیم جاف، ئاریتما موحەممەدی، ڕێبوار ئەحمەدزادە، هزین دیلان ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان.

بەرنامەی کۆنفرانسی دووەمی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە جوو.

١. کردنەوەی کۆنفرانس بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب، و خۆێندنەوەی بەرنامەی کاری کۆنفرانس.

٢. باسێکی گشتی لە سەر ئەرك وکارەکانی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان.

٣. بابەتێك لە لایەن سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان ئاراستەی کۆنفرانس کرا. لەو بابەتەدا وێرای ئاماژەکردن بە گرنگی بەشداری ژنان لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان، و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی ئافرەتان و بەرەنگار بوونەوەی نەریتی کۆنەپەرەستی و باوکسالاری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، کە لە درێژایی مێژووی داگیرکاری خۆیاندا سەپاندویانە بە سەر گەلەکەماندا. ناوبراو لە درێژەی بابەتەکەیدا بە ناوی سەرکردایەتی و گشت ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان ئامادەی هەموو پشتییوانییەکی بۆ پێشخستنی کاری ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان دەربڕی.

پاشان هەر یەك لە بەرێزان نەدا کوردی. پەروین فیشاڵ و شلێر موراد ڕەسووڵی بابەتی خۆیان پێشکەشکرد. هەروەها هەر یەك لە بەرێزان ئیبراهیم جاف و ڕێبوار ئەحمەدزادە و ئاریتما موحەممەدی و هزین دیلان لە سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان و کادری سیاسی پسك و بۆچوون وپێشنیاری خۆیان لە شێوەی کارەکانی ڕێکخراوی ژنان پێشکەشی کۆنفرانس کرد.

به بەشدارو و پێشنیارو بابەتی زۆربەی بەشداربووان، کۆنفرانس زیاتر پر نیوەرۆك و پر دەسکەوت بوو.

بەشی دووەمی کاری کۆنفرانس، تەرخانکرا بۆ هەڵبژاردنی سەرکردایەتی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان.

کە ئەم بەرێزانە بە شێوەی خوارەوە وەك سکرتێری گشتی و سەرکردایەتی و جێگری ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان هەڵبژێردران.

**١. نەدا کوردی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان.**

**٢. شلێر موراد ڕەسولی: لە ئەمریکا**

**٣ . پەروین فیشاڵ ( نیشتیمان) : لە ئوروپا.**

**٤- لانە کەرەمی : لە باشوری کوردستان.**

**٥ . غەزاڵ کرماشانی : لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

ئەم بەریزانەش وەك ئەندامی جێگری سەرکردایەتی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان هەڵبژێران.

**١. سێوە موکری : لە باشوری کوردستان**

**٢. هێلین ڕۆژهەڵاتی : لەباشوری کوردستان.**

لە بەشی پەیامی کۆنفرانسی دووەمی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان بۆ ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوا لە گشت ژنان و پیاوانی خەمخۆری وڵاتە داگیرکراوەکەمان کرا کە هاوکاری و پشتیوانی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستی بن.

ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان بریاری پێوەندی بە گشت ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستان و جیهانی وەك یەکەم هەنگاوی کاری خۆی پەسەند کرد. هەر لەو پێوەندییەشدا داوا لە گشت ڕێکخراوەکانی ژنان دەکات کە لە ڕێگەی ئەم ئیمەیلانەی پێوەندی گرتنەوە ناونیشان و ئیمەیل وژمارە تەلەفونی پێوەندی گرتنی خۆیان بۆ ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان بنێرن.

کۆنفرانس لە کاتژمێر ٩ی پاشنیوەرۆ بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

هەر شادو سەرکەوتووبن. بۆ پێشەوە بەرەو کوردستانێکی سەربەخۆ و دیمۆکرات و بەختەوەر و یەکسانی نێۆ تاکەکانی کۆمەڵگاکەمان.

**بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ژنانی سەربەستیی کوردستان.**

**rjskurdistan@yahoo.com**

**rjskurdistan@gmail.com**

**http://rjskurdistan.kurdblogger.com**

**٢٠/ ٢٠١١/٨ بەرامبەر بە ٢٩/ گەلاوێژی ٢٧١١ ی کوردی**

**جێفری ئەی میرۆن جەیکۆب وەیزبێرگ لە نوسینێکدا کە لەم دواییانەدا لە گۆڤاری نیوزویک و هەروەها**

# لیبرالیزم



**ماڵپەری سلەیت کەی خۆی سەرنوسەریەتی بلاوکراوەتەوە تیایدا "کۆتایی لیبرالیزم" رادەگەیەنێت.**

لە وەڵامی ئەو سەرنجنوسانەی پێیانوایە کە سیاسەتیکارە بێسەرەوبەرەکانی حکومەت بوونەتە هۆی ئەم پشێوییە داراییەی ئێستا هەیە، یاخود بەشدارییان تێداکردووە، وەیزبێرگ دەڵێت کە تاوانباری راستەقینە سیاسەتیکاری دارایی لیبرالیانەیە (کە هەموو "زەودکردنیکی مافی کڕین و فرۆشتن"ی یاساغ کردووە) کە گوایە لەم ساڵانەی دواییدا ئەمەریکا پێڕەویی کردوون. وەیزبێرگ دەنوسێت ئێمە لەگەرمەی "دارمانێکی ئابوری جیهانیداین کە بەهۆی ئایدیا لیبرالیەکانەوە هاتۆتەبوون،" ئەوەشی بۆ زیاددەکات کە "ئەو لیبرالانەی لەرووی ئەقڵییەوە وشكوبرینگن ناتوانن "ئەوە قبوڵ بکەن کە دەشێت بازاڕ نائەقڵانی بێت و لە سەرکەشی تێنەگات و سەرچاوەکان بە خراپ بەکاربهێنێت، یاخود سیستەمە داراییەکان بەبێ بوونی چاودێری تۆکمەی حکومەت و توانای دەستێوەردانی پراگماتییانە دەشێت کارەساتیان لێبکەوێتەوە."

لە ئەنجامدا دەگاتە ئەوەی بڵێت کە سیاسەتیکاری لیبرالیزم بەشێوەیەکی هێندە بەرباد نوشوتیان هێناوە کە کاتی ئەوە هاتووە لیبرالیزم وەکو کۆمۆنیزمی سۆڤێت فڕێ بدرێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

جەیکۆب، ئەوە بەڕاستتە ئەم قسانە دەکەیت؟

تێڕوانینی مرۆ بۆ سیاسەتیکاری لیبرالیزم هەرچییەك بێت، راستی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاسەتیکاری وەهای پێڕەونەکردووە، ٩ لە ١٠ ساڵی رابردوودا و نە لە سەدەی رابردوودا. بەڕاستی، جگە لە ساتێکی کورت، پێشئەوەی ئەلەکساندەر هاملتۆن بۆ یەکەمینجار کەفالەتکردنی بازاڕی دارایی لە ئەمەریکا سازبکات، ئەمەریکا هەرگیز لیبرالی نەبووە. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك وەیزبێرگ بانگێشەی دەکات بەراستی وڵاتێکی لیبرالی بوایە، ئەوە برێکی زۆری ئەو سیاسەتیکارانەی ئەم رەوشەی ئێستایان خراپتر کردووە بەشێوەیەکی زۆر رادیکاڵانە جیاوازدەبوون.

لە وڵاتی لیبرالەکاندا، بانکەکان لە لایەنی حکومەتەوە ناپارێزرێن و چوارچێوەی کاریان بۆ دیارینارکرێت و رێکناخرێن، وەك ئەوەی لە ماوەی زیاتر لە ٥١٠ ساڵە لە ئەمەریکا روودەدات. بەتایبەت بانکەکان مافی "دواخستنی دانەوە"١ یان دەبوو، واتە دەیانتوانی بەو کەسانە بڵێن کە پارەیان لە بانکەکەیاندا داناوە "ببورە، ناتوانیت هەر ئێستا هەموو پارەکانت وەربگریتەوە" لەو کاتانەدا کە خەڵکی رویان دەکردە بانکەکان بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارانەی کە لە بانکدا دایان نابوون کە ئەمەش دەبووە مایەی مەترسی بۆسەر توانای بانکەکان لە دانەوەی ئەو پارانەی کە لالیان بووە. بانکەکان لە سەردەمی پێش فێدرەڵ ریزێرڤدا (بانکی ناوەندی) رێکورەوان ئەم شتەیان دەکرد لە ساتەوختی تۆقینە داراییەکاندا، کە دواخستن نایاسایی بوو، بەڵام تەحەمول دەکرا یاخود لە لایەن رێساداڕێژەرانەوە هاندەدرا. بەمەش بانکەکان تەشەنەکردنی تۆقینیان کەمدەکردەوە و ژمارەیەکی زۆری ئەو بانکانەی کە توانای دانەوایان هەبوو بەڵام سیولەیان لەبەردەستدا نەبوو لە هەرەسهێنان دەربازبوون. لە خاکی لیبرالیدا، فیدرەڵ ریزێرڤ هەرگیز دانەدەمەزرێنرا. ئەمە بەو مانایە دێت کە فێدرەڵ ریزێرڤ نەدەبوە هۆی ئەوەی سستیەکی ئاسایی ئابوری وەربگێڕێتە سەر گرانی گەورە٢ لە ڕێگەی شکستهێنانیەوە لە راگرتنی دابەزینی گەورە لە دابینکردنی پارەدا. ئەم دابەزینە و نوشوستی بانکەکان کە بەدوایدا هات لەبەر ئەوە ڕویاندا کە هەبوونی فێدرەڵ ریزێرڤ وەك ئاماژەیەك تەماشا دەکرا کە بانکەکان ناکرێت و نابێت، پارەدانەوە دوا بخەن، وەك چۆن لە رابردوودا سەرکەوتووانە کردبوویان. بۆیە لە خاکی لیبرالیدا گرانی گەورە لەوانەبوو هەر رووینەدایە.

ئەگەر فێدرەڵ ریزێرڤ نەخولقێنرایە، ئالان گرینسپان هەرگیز نەدەبوو بە سەرۆکی. بەو پێیەش زەمانەتی ناجۆری نەدەدا بە وەبەرهێنەران لەمەڕ سەرکەشیبوونی پشتپێبەستویی٣ یان تواناداری دوورمەودای بوژانەوەی بۆرسە لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا. لەباری نەبوونی فێدرەڵ ریزێرڤدا، هیچ ئالان گرینسپانێك رادەی سوی بەنزمی نەدەهێشتەوە بۆ ماوەیەکی درێژو بەوەش برەوی بە هەڵئاوسانی خانوبەرە نەدەدا کە رۆڵێکی سەرەکی بینی لەو پەرێشانییەی دوو ساڵی رابردوودا. لەباری نەبوونی فێدرەڵ ریزێرڤدا بەشدارانی بازاڕ خۆیان بڕیاریان بۆ خۆیان دەدا، لە ئاکامیشدا بەشێوەیەکی ماقووڵ وریا دەبوون.




لە وڵاتی لیبرالیدا،کۆمیسیۆنی زەمانەتکردن وئاڵۆگۆڕکردن٤، لەپاڵ ڕێساکانی بازاڕی داراییدا وەك داواکاریەکانی سەرمایە٥، بوونیان نەدەبوو. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە وەبەرهێنەران هیچ زامنێکیان نەدەبوو لەمەڕ ئەوەی حکومەت دەتوانێت "بەشێوەیەکی بەربڵاو" زەمانەتی سەرکەشانە و پڕکەلێن لە بازاڕ بەدور بکات. گەلێك وەبەرهێنەری بچووك دورە پەرێز دەوەستن و وەبەرهێنانی پڕسەرکەشی بۆ ئەوانە جێدەهێڵن کە بەرگەی زەرەر دەگرن. لە خاکی لیبرالیدا، حکومەت برەوی نەدەدا بە هەڵکشانی خاوەندارێتی خانوو٦، بەوپێیەش فانی مەی و فرێدی ماکی (Fannie Mae and Freddie Mac)٧ نەدەخولقاند، یاخود هانی ئەو دامەزراوانەی نەدەدا بۆ دابینکردنی قەرزی بەهانزم، یان بەنهێنی بەڵێنی پێنەدەدان کە کەفالەتیان دەکات ئەگەر بێت و ئەو قەرزانە نەدرێنەوە. بەو پێیەش ئەم گێژاوە داراییەی ئێستا سەریهەڵنەدەدا. لە خاکی لیبرالیدا، حکومەت کەرتە تایبەتەکان ناپارێزێت لە کاتی ئەو نەهامەتیانەدا کە بەهۆی بڕیارە پڕسەرکەشیەکانیانەوە توشیان هاتووە. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە هیچ دەربازکردن و کەفالەتکردنێك نیە بۆ بانکەکان و هێڵە ئاسمانیەکان یان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان ئوتومبیل، هیچ زەمانەتێکی پارەی هەڵگیراو لە بانکدا، هیچ گەرەنتییەکی قازانجی خانەنشینی و چەندینی دیکە ناکرێت.

> لە خاکی لیبرالیدا، تاکەکان و بزنسەکان سەرکەشی دەکەن، بەڵام زۆر بە درێژی و جدیانە بیر لەو سەرکەشیانە دەکەنەوە. هەندێك تاك و بزنس قازانجی باش لە سەرکەشی زرنگانە دەکەن، بەڵام زۆرێکیشیان لە تێکڕادا قازانجێکی مامناوەندییان پێدەبڕێت

لە خاکی لیبرالیدا، تاکەکان و بزنسەکان سەرکەشی دەکەن، بەڵام زۆر بە درێژی و جدیانە بیر لەو سەرکەشیانە دەکەنەوە. هەندێك تاك و بزنس قازانجی باش لە سەرکەشی زرنگانە دەکەن، بەڵام زۆرێکیشیان لە تێکڕادا قازانجێکی مامناوەندییان پێدەبڕێت، چونکە ئەوەی لە کاتە هاتەکانیاندا بەدەستی دەهێنن، لەگەڵ زیانی گەورەی ساتە نەهاتەکاندا هاوسەنگ دەبێتەوە.

> لە وڵاتی لیبرالەکاندا، بانکەکان لە لایەنی حکومەتەوە ناپارێزرێن و چوارچێوەی کاریان بۆ دیارینارکرێت و رێکناخرێن

خەڵکانی ماقووڵ دەتوانن قسە لەسەر ئەوەی بکەن کە ئایا ئەگەر سیاسەتیکاری لیبرالیانە لەماوەی دوو سەدەی رابردوودا بە بەردەوامی لە ئەمەریکا بگیرایاتە بەر دەکرا کاراگەریی ئابوری ئەمەریکا پێشبخات یان نا. بەڵام هەرگیز ناتوانن بڵێن کە روداوەکانی ئەم دواییانە بەڵگەن بۆ نوشوستهێنانی سیاسەتیکاری لیبرالی، چونکە ئەو سیاسەتیکارانە وەگەڕنەخراون.

ناشتوانن وەك وەیزبێرگ بڵێن کە "داکۆکیکەرە لیبرالەکان تەواو بێتوانان لەوەدا کە رونکردنەوەی قایلکەرانە بدەن لەبارەی ئەوەی هەڵەکە چی بووە." لە راستیدا، لیبرالەکان بە تیوریزەکردن و پێشبینیکردن و دەستنیشانکردنی شکستە حەتمییەکانی تێکەڵاوکردنی بزوێنەری بازاڕی ئازاد و دەستێوەردانی سیاسیانە لە کاروباری ئابوریدا، دەتوانن شیکاری ئەوە بکەن کە لە گۆڕێیە و هەروەها چۆن رێگری بکرێت لە دوبارەبوونەوەی ناوبەناوی.

لانیکەم، هێشتا بڕیاردان یەکلایی نەبۆتەوە لەسەر ئەوەی ئایا رژێمێك کە سیاسەتیکارێکی لیبرالی راستەقینەی هەبێت شتێکی ئارەزووکراوە یان نا. هەندێك حکومەت ئەگەر بەخت یاریان بێت، ئەوە رۆژێك لە رۆژان جورئەتی ئەوە دەکەن کە تاقیبکەنەوە.

جێفری ئەی. میرۆن وانەبێژی باڵای ئابورییە لە زانکۆی هارڤارد.

**١. دواخستنی دانەوە:** واتە دواخستنی پارەدانەوە کاتێك ئەو کەسانەی پارەیان لە بانکێك داناوە رووەدەکەنە بانکەکە و داوای پارەکەیان دەکەنەوە. لە ڕابردوودا بانکەکان بۆیان هەبوو بە مەعمیلەکانیان بڵێن کە چەند رۆژێك لەسەریان بوەستن تا بانك پارەکەی دێتەوە دەست و پارە دانراوەکەیان دەداتەوە. بەڵام لە ئێستادا بانکەکان لەسەریان پێویستە راستەوخۆ پارەکە بدەنەوە.

**٢. گرانی گەورە** (Great Depression): لە تشرینی یەکەمی ساڵی **١٩٢٩** وە دەستپێکرد و بەدرێژایی ساڵانی **١٩٣٠**یەکان درێژەی کێشا، بەو سەردەمەی قەیرانی ئابوری ئەمەریکا و زۆرێك وڵاتانی جیهان دەوترێت کە تێیدا بۆرسە لە تیشرینی یەکەمی **١٩٢٩**دا هەرەسی هێنا و بزنسەکان زۆر سست بوون و رادەی بێکاری بێشومار زیادیکرد، زۆربەی کارگە و بانکەکان لەکارکەوتن.

**٣. بەو وەبەرهێنانانە دەوترێت کە دەستپێکردنیان و ئەگەری قازانجکردنیان پشتبە وەبەرهێنان و بزنسی دیکە دەبەستن.**

**٤. فەرمانگەیەکە لە حکومەتی ئەمەریکا** کە سەرپەرشتی ئاڵوگۆڕکردنی زەمانەتەکان دەکات بۆ پاراستنی وەبەرهێنەران لە فرتوفێڵ.

**٥.** رێسایەکی تایبەت بە کاروباری باکەکان کە رێوشوێنیان بۆ دادەنێت کە چۆن مامەڵە بە سەرمایەکانیانەوە بکەن.

**٦.** ئەو سیاسەتیکارەیە لە ئەمەریکا کە کار بۆ ئەوە دەکات زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریکا خانوو بکڕن، ئەمەش چەندین مەرجی سەپاند بەسەر قەرزدەراندا تاوەکو قەرز بدەن بەو کەسانەی کە ئەگەری زۆریان لێدەکرێت نەتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە و بەو قەرزانەش دەوترا قەزری بەهانزم چونکە قەرزدارەکان هێندەبەتوانا نەبوون تا بتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە.

**٧.** دوو دامەزراوەی ئەمەریکین کە لەلایەن حکومەتی فیدرالیەوە دامەزراون بۆ رێگەخۆشکردن بۆ ئەو کەسانەی کە توانای کڕینی خانویان لاوازە، لە رێگەی ئەم دوو دامەزراوەیەوە قەرزی پڕ سەرکەشی دەدرێت بەو کەسانە بۆ کڕینی خانوو کە لە ئێستادا بە یەکێك لە فاکتەرە سەرکیەکانی سستی و گێژاوی ئابوری دادەنرێت لە ئەمەریکا چونکە ئەو قەرزانە بەدەر لە پێوەرە ئاساییەکانی بازاڕ دراونەتە قەرزکەران و شکستهێنانیان لە دانەوەی قەرزەکانیان بۆتە مایەی گێژاوی ئابوری.

---

## کۆتایی بە دەسەڵاتدارێتی زیاد لە ٤٠ ساڵەی قەزافیش هات



موعەممەر قەزافی وەك سەرکردەیەکی جیاواز لە نێو سەرکردە عەرەبەکان، هەمێشە بە لێدوانی سەیر و سەمەرە لە کۆنگرەی وڵاتانی عەرەبی دەردەکەوت. لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و و ئوروپی و ڕۆژئاوا ناکۆك بوو، یا بە وتەی خۆی حسابی بۆ نەدەکردن.

لە ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی و لە پاش ڕاپەرینی جەماوەری لە ٢٠١١/٢/١٧ ی خەڵکی وەزاڵەهاتووی لیبیا، و لە ئاکامی خۆراگری شۆرشگێرانی لیبیا بۆ ماوەی ٦ مانگ و ٦ رۆژ.

ئەمرۆ ٢٠١١ / ٨ /٢٣ بە تەواوی دەستبەسەر ناوچەی عەزیزییەی تەرابلوسی پایتەخت گیرا. عەزیزییە ئەو ناوچە بوو کە شوێنی ژیانی قەزافی و بنەماڵەکەی بوو. بە کۆنترۆڵکردنی عەزیزییە بە یەکجاری کۆتایی بە هەموو دەسەڵاتەکانی قەزافی و وڵاتەکەی هات.

زۆر لە ولاتانی ئوروپایی و ئەمریکایی و عەرەبیش دانیان بە ئەنجومەنی کاتی لیبیا کە لە بنغازی دامەزراوە وەك نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی لیبیا هێنا.

ئیستاش لە ڕیزی وڵاتانی عەرەبی وڵاتانی سوریا و یەمەن لە ئەگەری ڕووخاندان. سوریاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەشێك لە خاکی کوردستانی داگیرکردوە.

بەو هیوایە کە بە زووترین کات نەمانی دیکتاتۆرانی دیکەی داگیرکەری کوردستانیش هەروەك سەدام لە قەفەسی تاوان ببینرێن.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی پارتی سەربەستیی کوردستان**

# تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیا بەڵگەن بۆ ئەوەی کە کوردستان لە مەترسی پەیماننامەیەکی دیکەدایە

**نووسینی: ئاگری ڕۆژهەڵاتی**



زیـــاد لـــە ٢ مانگە کە هێزەکانـــی کۆماری ئیســـلامی ئێران بـــەردەوام تۆپبارانی ناوچە ســـنوورییەکانی نێـــوان باشـــور و ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان دکەن. بێبەزەییانە لە دار و بەردو گیان لەبەر و مرۆڤی ئەو ناوچە کوردنشـــینانە خـــۆ نابۆێرن. هەر وەك بە پێشـــچاوی هەموو میدیاکانـــی جیهانـــەوە بینرا کە بـــە دەیان هاوڵاتی بریندار و شـــەهیدکران. بە هەزاران بنەماڵـــە ئاوارە بـــوون، بە دەیانهـــەزار گیان لەبەرەیان کوشـــت. بە هەزاران هکتار ئەرز و باخ و دارستانی کوردستانیان سوتاند. هەروەك لە دیمانەیەکدا بەڕیز عارف باوەجانی سەرۆکی پارتـــی سەربەســـتیی کوردســـتان ئامـــاژەی پێکردوە کـــە: ئەمانە بە ئاشـــکرا ڕوونەن کە داگیرکەرانی کوردستان ٢ ئامانجی سەرەکیان هەیە لەو هێرشانە.

١ . تێکدانـــی ئارامی و ئاسایشـــی هەرێمی کوردســـتان، و لاوازکردنـــی بـــواری ئابوری خەڵکی کوردستان.

٢ . تێکدانی ژینگەو سروشتی کوردستان، و بڵاوکردنەوەی دەیان جۆر نەخۆشی مەترسیدار و ژەهـــراوی بۆ ســـەر ژینگەی کوردســـتان. خۆێنەری هێژای ئەم بابەتە باش تێدەگات کە هەر کام لەو دو خاڵـــە زۆر لێکدانەوە و باس هەڵدەگرێت، و بە پێویســـتی نازانم زۆری لە سەر بنووسم.

هەروەها ماوەی یـــەك حەفتەیە هێزەکانی تورکیـــاش بـــە مەبەســـتی هاوکاریکردنـــی ئێـــران، ئەوانیش لای ســـەرەوە لـــە ڕێگەی فرۆکـــە جەنگییەکانیانەوە دەســـتیان کردوە بـــە بۆمبارانکردنـــی ناوچەکانـــی قەندیـــل و دەوروبـــەری و زۆر بە توندی ئاسایشـــی ئەو ناوچانەیان تێکداوە.

دیارە ئەمە بۆ گەلی کوردستان کارەساتێکی چاوەڕواننەکـــراو نەبـــووەو ناشـــبێت. چوون لـــە درێژایی مێـــژوودا وڵاتانـــی داگیرکەری کوردستان لەو جۆرە هێرشـــانەیان هەبووە و دەشبێت.

هەروەها لە ئاکامی هێـــرش و تۆپبارانی ٢ مانگەی ئەم ئاخرەی ئەم ٢ وڵاتە داگیرکەرەی کوردســـتان، زیانێکـــی زۆری گیانی و ئابوری و سروشـــتی بە خاك و خەڵکی کوردســـتان گەیاندوە.

ئەمـــەش بە ڕوونـــی دیارە کە شـــێوەیەك ڕێکەوتننامەی نهێنی لە لایەن ئەو ٢ وڵاتەوە لـــە ئارادایە کە بە بەهانـــەی بوونی هێزەکانی شۆرشـــگێری پێکاکا و پژاك لە قەندیل هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی کوردستان و بە تەواوی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان تێکبدەن.

شـــك و گومان لەوەشـــدا نییە کـــە ئەگەر هەردوو حکومەتی ئیستای ئێراق و سوریا وەك جاران لە سەر حاڵ بایەن و خاوەنی هێزێکی باشـــی نیزامی بایەن، بێگومـــان ئەوانیش بە ئاشکرا لەو هێرشانەی سەر خاکی کوردستان بەشدارییان دەکرد.

بەلایەکدا بێدەنگی ســـەرۆکوەزیران ئێراق نـــوری مالکی باشـــترین ئاماژەیە کە ئەوانێش ناڕاســـتەوخۆ لـــە پشـــت ئـــەم ڕێکەوتننامە نهێنییـــوە هەن. دیارە مەبەســـتم لە گشـــت پێکهاتـــەی ئەم حکومەتەی ئیســـتایی ئێراق نییـــە، چوون لە نـــاو حکومەتدا هەیە کە زۆر دژی دەســـتێوەردانەکانی ئێـــران هەڵویســـت دەگرن. تەنیا مەبەســـتم لە سەرۆکوەزیرانە کە هەر جـــۆرە ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ وڵاتانی دراوســـێ ئێراق بە دژی کورد، بەبێ ئاگاداری وەزئرەکان و بە تایبەت وەزیری دەرەوەیە کە کوردە، ئەنجام دەدات.

ئەوەی کـــە زۆر گرنگە و پێویســـتە کورد بە پەلە هەنـــگاوی بۆ هەلگرێت هەڵویســـتی نەتەوەیـــەی و یەکدەنگـــی گەلەکەمانـــە. پێویســـتە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردســـتان بە زووترین کات لە هەولێری پایتەختی باشوری کوردســـتان و سەرپەرەســـتی ســـەرۆکایەتی هەرێـــم و بەبەشـــداری گشـــت لایەنەکانـــی کوردســـتانی مەزن ببەســـرێت. بۆ ئەوەی ئەم جۆرە پلان وگەلەکۆمەی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان تاتۆی و شرۆڤە بکرێت، و لە خاڵە گرنگەکانـــدا کورد یەکدەنگ و یەکگوتار بێت. چیدیکە ئەم پێویســـتییە گرنـــگ و مێژووییە پشتگۆی نەخرێت.

زۆر گرنگە کە پارت ولایەنە کوردستانییەکان ڕق و کینە و بوغـــزی حیزبایەتییان بەرامبەر بەیـــەك وەلا بنێن و لـــە دەوری ئەم کۆنگرە نەتەوەییە بە نێت و دڵیکی پاکەوە بەرامبەر بە نیشتیمانەکەیان یەکدەست بن. با وریابین کە دوژمنان جارێکی دیکە و لە ڕێکەوتننامەیەکی دیکە بۆ سەدان ســـاڵی دیکە دوامان نەخەن. ئەگـــەر خۆمـــان لـــە ڕاســـتییەکانی مێژوو نەشـــارینەوە بە ڕوونی دەبینین کە هەر کات یەکگرتوو بووین دوژمن بەزیوە، هەرکات پرش و بلاوبووین و دوژمن سەرکەوتووە.

لە کۆتاییدا ماوەتـــەوە کە بڵێین هیوادارین ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان هەروەك پێشـــتر ئاماژەیان پێداوە، لـــە پێکهێنانی ئەو کۆنگرە نەتەوەیی پەلە بکەن.

# هیچ شتێکی ئێرانی مەکڕن بەهۆی یۆرانیۆمەوە ژەهراویە چاودێرێکی تەندروستی




ماوەی ســـاڵانێکە کۆماری ئیسلامی ئیران خەریکی پیتاندنی یۆرانیۆمە چ بۆ مەبەســـتی بۆمبی ئەتۆمی و چ بۆ مەبەســـتەکانی تر... ئەم پیتاندنـــەش بەچەندین قۆناغی هەســـتیار و ناسکدا تێ دەپەڕێت وەك لەم هاوکێشەیە ڕۆن کراوەتەوە کە لەلایەن(ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (**who**) بڵاوکراوەتەوە.

ئـــەم یۆرانیۆمـــە تـــا دەگاتـــە کارگەکانی پیتاندن و دواتر لە زبڵ و خاشـــاك و خۆڵەکان جیادەکرێتـــەوە چەندیـــن زیانـــی مەترســـی بڵاودەکاتـــەوە.. ئەم زیانانە لـــە ڕێگای هەواوە لە ڕێـــگای تیشـــکەوە بڵادەبنـــەوە و دەبنە هۆکاری کارەســـاتی دڵ تەزێن، لەم دواییەدا لە باشووری کوردســـتان شێرپەنجە و مردنی لەناکاو و نەزۆکی و زۆر نەخۆشـــی تر زیادی کردووە، بەگوێرەی ئەم هێلکاریەی ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانـــی هـــۆکارە تایبەتـــی و گشـــتییەکان چالاکـــی پیتاندنـــی کۆمـــاری ئیســـلامی ئێرانی دراوســـێمانە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم ڕەوشـــە بن لە خوارەوە ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی تەندروســـتی جیهانی. **who** بخوێننەوە

دەکـــرێ زیانـــەکان بەم شـــێوەیە پوخت بکەینەوە.

**١. بڵاوبوونەوەی شیرپەنجەی پێست**

یۆرانیۆمی بەکارهاتوو (الیورانیوم المنضب) و کە لە هـــەوادا بڵاودەبێتەوە و دەبێتە هۆی زیادبوونی بڕی تیشـــکی ســـەروو بنەوشەیی، بەمەش تێکڕای تووشـــبوون بە شیرپەنجەی پێست زیاد دەکات.

**٢. کاریگەرییە بۆماوەییەکان (لەکارکەوتنێك لە ترشەلۆکی. D.N.A)**

ئەگەر هەر پارچەیەك یۆرانیۆمی بەکارهاتوو (الیورانیوم المنضب)بەر پێســـت بکەوێت، کار لەو چینە دەکات، کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر پێستی دەرەوە، کە پێی دەڵێن، **Epidermal** و دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی ترشەلۆکی ناووکی. **D.N.A**ئەمـــەش دەبێتـــە هۆی دابەشـــبوونی خانەکان و دروستبوونی ئاوسان

**٣. ڕوودانی ئاوی سپی لەچاودا.**

دزەکردنی تیشـــکی یۆرانیۆمی بەکارهاتوو (الیورانیـــوم المنضب) دەبێتە هۆی تاریکاییەك لەچاو، کە بە ئاوی سپی ناسراوە.

**٤ . ڕوودانی ناهاوســـەنگییەك لـــە کۆئەندامی بەرگری لە مرۆڤدا.**

هەبوونـــی هـــەر گەردێکـــی یۆرانیۆمـــی بەکارهاتـــوو (الیورانیـــوم المنضب)زیادبوونی تیشـــکی سەروو بنەوشـــەیی لێ دەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی ناهاوســـەنگیی لە کۆئەندامی بەرگریی لـــە مرۆڤدا، ئەمـــەش دەبێتە هۆی تووشبوون بە جۆرە نەخۆشی.

**٥. کاریگەریی لەسەر بەرهەمە کشتوکاڵییەکان.**

یۆرانیۆمی بەکارهاتوو (الیورانیوم المنضب) زیانـــی زۆر بـــە بەرهەمـــە کشـــتوکاڵییەکان دەگەیەنێـــت و وادەکات بەرهەمـــە کشتوکاڵییەکان کەم بێتەوە.

**٦ . کاریگەریی لەسەر سامانی ئاژەڵی.**

ئاژەڵەکان خـــۆراك لە ڕووەکەوە وەردەگرن، زیادبوونی گەردی یۆرانیۆمی بەکارهاتوو زیان بە ڕووەکـــەکان دەگەیەنێت، ئەمەش زیان بە ئاژەڵەکان دەگەیەنێت.

**٧ . کاریگەریی لەسەر سامانی ماسی**

زیادبوونـــی گەردی یۆرانیۆمـــی بەکارهاتوو دەبێتـــە هـــۆی کەمبوونـــەوەی قـــەوزەو ئەو ڕووەکانـــەی ماســـییەکان خۆراکیـــان لێیانەوە دەست دەکەوێت، هەروا ئەو وردە ماسیانەش لەناو دەبات، کە لەنزیك ڕووی ئاو دەژین.

ئـــەو کایانەی ئیران کـــە هەڵگری گەردی یۆرانیۆمی بەکارهاتـــوون دەبنە هۆکارگەلێکی نەخۆشـــی وەك نەخۆشـــیەکانی. پیریی زوو، ژەهـــراوی بوونی خـــوی، داهێزرانـــی دەمار، پێست زۆر زوو چرچ و لۆچی لێ پەیدا دەبێت، نەزۆکی، لاوازبوونی کردار و هەستی سێکسی لای هەردوو ڕەگەز.

بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە.

**http://www.serdam.org/govar/**

**pdf.53-44/zanst/32**

ســـاڵانە ئیـــران چەنـــد کاڵا هەنـــاردەی کوردستان دەکات

**http://www.aknews.com/ku/**

**tpl=print.tpl?/236806/aknews/2**

**/http://www.gelyar.com**



سربستی روزنامەی زبانحال حزب سربستی کردستان ▪ شمارە 12 ئاگوستی 2011
Serbesti is a political newspaper of the Party Serbesti Kurdistan P.S.K _No 12 _ Agust 2011

پارتی سەربەستیی کوردستان
Parti Serbesti Kurdistan www.psk2006.org www.pskmedia.com

ناونیشانەکان
هەرێمی کوردستان : هەولێر گەرەکی ڕووناکی
تەلەفون 07503700016, 0662579794 sarbastikurd@gmail.com

ئوروپا Europa

نەرویج : Norway – 004796879648
ئەلمانیا : Germany 0049171347367
سوید : Sweden. 0046709964893
بەریتانیا : UK 00447716978047

pskurd@gmail.com rebwar125@hotmail.com
ebrahimpsk@googlemail.com
diilshad@hotmail.com
pskuk2010@gmail.com

